شیکردنەوەو هارمونەتیزەکردنی مێژوو

(PP 1 - 23)

ID No. 1442

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.4.1

کامەران احمد محمدامین

کۆلێژی یاساو رامیاری/زنکۆی سەلاحەددین-هەولێر

kamaran.amin1@su.edu.krd

وەگـــــرتن: 2017/04/05

پەسندکردن: 2017/12/06

بڵاوکردنەوە : 2018/09/10

پێشەکی

گرنگی بابەت

ئەوکو ئێستا پڕۆسەی خوێندنەوەی مێژوو، پڕۆسەیەکی ناکاملە، خوێنەری کورد وەکو دەقێکی ئەدەبی، یاخود وە کو راستەقینەیەکی رەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەکەوێتەژێر کاریگەرییەکانیەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی نەستێکی مێژوویی ساختە، کەرەنگدانەوەی مەترسیداری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو رەفتارەکانی ئایندەدا دەبێت، بۆیەشیکردنەوەو هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، بایەخێکی گرنگی هەیەلەتێگەیشتنی مێژوو، وەك ئەوەی کەهەیە، نەك وەك ئەوەی کەمێژوونووس، یاخود خوێنەری مێژوو دەیەوێت.

ئامانجی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەهەوڵێکەبۆ بەدواداچوونی پڕۆسەی راڤەکردن و شیکردنەوەو هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو بەشێوە یەکی میتۆدیانە.

پرسیاری سەرەکی: چۆن دەتوانین لەرێگای شیکردنەو هارمۆنەتیزەکردنی دەقەکانی مێژوویی، بگەینەئاستی تێگەیشتن، واتەبگەینەئە و راستەقینەیەی، کەلەخوێندنەوە، یاخود لەنووسینەوەی مێژوودا بەدوای دەگەڕێین؟

گریمانەی توێژینەوە: هارمۆنەتیزەکردن، دەتوانیت زۆر لەراستەقینەکانمان نزیك بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی توێژینەوەی مێژوویی تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بەسروشت و کردارەکانی مرۆڤەوەهەیە، هەرگیز ناتوانیت بمانگەیەنێتەراستەقینەی رەها! لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین کەراستەقینەلەمێژوو، مەبەست تیایدا گەیشتن نیە، بەچۆنیەتی رووداوەکان نیە، بەڵکو بریتیەلەتوانای هە لێنجانی چەند رێسایەك کەلەرێگایەوەبتوانین خوێندنەوەبۆ رووداوەکانی ئێستاو ئایندەبکەین، پەندو وانەلەمێژوو وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین لەئێستاو ئایندەدا سوودیان لێوەرگرین.

میتۆدی توێژینەوە: پشت بەدوو میتۆد بەستراوە، میتۆدی هارمۆنەتیکی(تاویل) و میتۆدی مێژوویی-شیکاری.

ئاستەنگەکانی توێژینەوە: دیارەئاستەنگ لەو جۆرەتوێژینەوەهزریانەئێجگار زۆرە، بەتایبەتی لەرووی زمانەوە، کەتا ئێستا بەدەگمەن بابەت لەم رووەوەبەزمانی کوردی نووسراوە، بۆیەوەرگێڕانی ئەو هەموو بابەت و چەمکەفەلسەفی و هزریەبۆ سەر زمانی کوردی کارێکی سەخت بوو، گەلێك جار ناچار بووین، بەهۆی نەبوونی جێگرەوە، پەنا بۆ داتاشینی زاراوەکان ببەین.

پەیکەری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەبەشێوەیەکی گشتی لەدووبەش پێکهاتووە، کەهەر بەشەی سێ باس لەخۆوەدەگرێت، بەشی یەکەم تایبەتەبەراڤەکردن و هارمۆنەتیزەکردنی مێژوویی، لەباسی یەکەمی ئەم بەشەدا باس لەراڤەکردن و شیکردنەوەی مێژوویی کراوە، باسی دووەم تەرخانکراوەبۆ هارمۆنەتیزەکردنی مێژوویی، لەباسی سێیەمدا لەمیتۆدەکانی راڤەکردنی مێژوویی کۆڵراوەتەوە. بەشی دووەم کاریگەری راڤەکردن لەسەر راستەقینەی مێژوویی پڕۆسەی ساختەکردنی مێژووی توێژیوەتەوە، لەباسی یەکەمدا رۆڵی راڤەکردن لەئاشکراکردنی راستەقینەی مێژوویی رووبکراوەتەوە، باسی دووەم، روناکی دەخاتەرۆڵی راڤەکردن لەتێگەیشتنی ساختە کردن مێژوویی، دوا باسیش لەم بەشەدا بۆ سوودەکانی راڤەکردنی مێژوویی کراوە، رۆڵی راڤەکردن لەپێشبینکردنی رووداوەکانی ئایندەگفتوگۆی لەسەر کراوە. لەدوا جاردا ئەو سەر ئەنجامانەخراوەتەروو کەتوێژەر پێی گەیشتووە، هاوکات لیستێکیش بۆ ئەو سە رچاوانەکراوەکەلەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

بەشی یەکەم

ڕاڤەکردن و هارمۆنەتیزەکردنی مێژوویی

باسی یەکەم

ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی مێژوو

هەر کەسێك لەژیانی خۆیدا، ئاوڕێك بۆ رابردووی بداتەوە، دەزانی چۆن خۆشەویستیەکی نوێ، ماڵێکی نوێ، قنیاتێکی نوێ دروست بکات، بەگوێرەی ئەو قۆناغەی کەتیایدا سەیری رابردووەکەی دەکات، ، بەشێك لەرابردووەکەی دەگۆڕێت، یاخود ڕوانگەیەکی نوێ بەرامبەر رابردووەکەی پەیدا دەکات، کەواتەبەو پێودانگە، چۆن دەبێت مێژووی نیشتمانی دووای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی وەك خۆی بمێنێتەوە؟! ئەوەی نەکەوێتەژێر کاریگەری ئەزموونێك، ناتوانێت ئەو بوومەلەرزەیەی مێژووی خۆی سەرلەنوێ بنووسێتەوە، کەئەمەبۆهیچ مێژووێك لەبارنابێت. ئەوەی لەریالسیتدا دەیبینین، ئەوەیەکەرەگەزی مرۆڤ بەردەوام خوێندنەوەبۆ مێژووی جیهان دەکات وەك ئەوەی بەشێك بێت لەژیانناممەی خۆی، جا ئەگەر مرۆڤێك یاخود نەوەیەك ژیان و دانیان بەهەڵەکانیاندانا، ئەوەدە توانن بگەنەمەعریفە، مێژوو لەوانەیەتاریکی، یاخود تێکەڵەیەك بێت ئەگەر لەدەرەوەسەیری بکەین، زۆر جار ئیمەوەك پاشماوەیەکی بێ گیان مامەڵەلەگەڵ مێژوو دەکەین، بەڵام ئەو نمونەمێژووییانەی کەدایدەڕێژینەوەهاریکاریەکی زۆری پێشکەوتنی زاناکان دەدات، واتەسەرەنوێ گیان دەخرێتەوەبەر ئەو مێژووانەو ناتوانین لەکاتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچووندا دەست بەرداریان بین، بۆیەپێویستە ئیمەتۆڕی هزری خۆمان بەشێوەیەکی فراوان و فراوانتر هەڵدەین، بۆ ئەوەی بگەینەئەو ئەزموونانەی کەزۆر گرنگن و لەلایەن مێژوونووسانەوەپشتگوێ خراوە(http://www. contra-mundum. org: Samson).

هەندێك مێژوونووس، مێژوو وەك بواریکی ڕوون و قەوارەیەکی تەواوی کۆمەڵێك پەیوەندی ڕوون دەبینن، کەبونیادی ڕستەیەك حوکمی دەکات، هەرچەندەسەرەتا وادێتەبەرچاو کەهیچ پەیوەندیەك ئەو ڕوداوانەبەیەکەوەنابەستێتەوە، بەڵام لەکۆتایی شیکردنەوە دا، پێویستەپەیوەندیەکانیان وەك پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام ڕوون بکرێتەوە،. . . جوێکردنەوەلەنێوان ستراتیژیەتی لەباریەك ترازاندن و تەواوکاری ڕاڤەکردن ئەنجام بدرێت((White, 1973. P299-300) . چونکەتوێژینەوەلەهەر بابەتێکی مێژوویی، پێویستی بەخوێندنەوەو تێگەیشتنێکی وردی سەرچاوەکان هەیە، بۆ ئەوەی بگەینەئەو ڕاستەقینەیەی کەبەدوایدا دەگەڕێین، کەئەمەش بێگومان کارێکی ئێجگار ئاستەنگ و پڕ هەڵدێرە، پێویستەبەچاوێکی گومان و ڕەخنەگرانەوەسەیری هەموو دەقێك بکەین کەکاری لە سەردا دەکەین، دەقەکان لەلایەنی ڕووخسارەوەهەڵوەشێنینەوە، دواتر لەلایەنی ناوەڕۆکەهەڵیسەنگێنین، ئەو ڕێگایانەی کەڕەخنەی دەرەکی دەیگرێتەبەر پلەی مێژوو بەرز دەکاتەوەبۆ(زانستێکی ورد)، بۆ ئەوەی بچێتەقووڵایی مەعریفەبەقەیرانەکانی رابردوو، ڕە خنەگرتن لەسەرچاوەکان، باڵادەستی لەهەموو شتێك زیاترە، ڕەخنەگرتن لەدەقەکان (تێگەیشتن) دەبەخشێتەمێژوو (بوس، 1981. ل87)، کەبەدوو ڕێگا بەشێوەیەکی ئەزموونگەری دەتوانین داکەوتەکان(الوقائع) بناسین، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ ئەوەیەکەلەنزیکەوەڕووداوەکەببینیی، وەك ئەوەی لەشوێنێکی و بوومەلەرزەیەك ڕوودەدات، لەنزیکەوەبوومەلەرزەکەو شوێنەوارەکانی دەبینی، ناڕاستەوخۆ ئەوەیەتۆ تەنیا لەڕێگای شوێنەوارەکانیەوەدەیبینیت، واتەلەڕێگای تەقین و قلێشانەوەی زەویەوە دوای ماوەیەك دەزانڕێت کەبوومەلەرزەکەڕوویداو (بوس، 1981. ل43)، کارکردن لەسەر شیکردنەوەی مێژوویی ناچارت دەکات سوود لەهەردووکیان وەربگریت، بەڵام ڕەنگ بێت باشترین ڕێگا بۆ خوێندنەوەی مێژووی نەتەوەیەك خوێندنەوەیەتی وەك بەشێك لەو مەدەنیەتەی کەبۆی دەگەڕێتەوە، بۆنمونەخوێندنەوەی مێژووی بەریتانیاو فەرەنسا وەك ئەوەی بەشێکن لەئەوروپا لەگەڵ هە موو ئەو کارو کارلەیەکترکردنەزۆرانەی کەهەردەوڵەتێك بەگوێرەی دەوڵەتەکانی تر هەیەتی (راوس، 1968. ل73).

لەراستیدا دوو جۆر بەکارهێنانمان بۆ شیکردنەوەهەیە، یەکێکیان چەمکێکی بەرتەسکی هەیەو ئەوەی تریش چەمکێکی زۆر بە ڕفراوان (ریکور، 2003. ل27)، ڕاڤەکردنی هەر شتێك بەو پێیەی کەوا شتەلەماهیەتی خۆیدا بەندەلەسەر دەستکەوتێکی پێشووترو ڕوانینێکی پێشووترو وێناکردنێکی پێشووتر، هاوکات شیکردنەوەهەرگیزخاڵی نابێت لەپێشبینەکان (هیدغر، 2012. ل294). بەشێوەیە کی گشتی، لەپڕۆسەی لێکدانەوەی مێژووییدا، ناکرێت بەشێك لەدۆکیومێنت پشتگوێ بخرێت، یاخود لێکدانەوەبۆ بەشێك نەکرێت، بەڵکو دەبێت لێکدانەوەیەکی ئاوەزیانەبۆ کۆی دۆکیومێنتەکەبەیەکەوەبکرێت، لێکدانەوەی دۆکیومێنتیش واتای جوێکردنەوەو لاتە ریك کردنی هەموو ئەو هزرانەیەکەنووسەرەکەدەریبڕیوە، واتەدوورخستنەوەی خوێندنەوەو بۆچوونی کەسی مێژوونووسەکە، بەم چەشنەلێکدانەوەدەگەڕێتەوەبۆ ڕەخنەگرتن لەشیکردنەوە، دیارەشیکردنەوەش بەدوو قۆناغدا دەڕوا:

1-شیکردنەوەی واتای پیتەکان.

2-شیکردنەوەی واتا ڕاستەقینەکە.

دیاریکردنی واتای پیتەکەپڕۆسەیەکی زمانەوانیە، بۆیەدەبینین فیلۆلۆژیا(زانستی زمان) وەك زانستێکی یارمەتیدەر بۆ زانستی مێژوو هەژمار دەکرێت، بۆ تێگەیشتنی دەقێك سەرەتا پێویستەئەو زمانەبزانی کەدەقەکەی پێ نووسراوە، بۆئەوەی واتای راستەقینەببە خشرێتەهەر وشەیەك کەدێتەرێ، چونکەمرۆڤ بەسروشتی خۆی مامەڵەلەگەڵ پیتەکان دەکات وەك ئەوەی سیستەمێکی چەسپاوی سیمبوڵەکان بێت،. . . دیارەمەبەستمان زانینی زمان، زانینی زمانی سەردەمەکەیە، لەبەرئەوەی توێژینەوەلەوشەکان گرنگیەکی ئێجگار گەورەی لەزانستی مێژوودا هەیە، ئەو وشەیەی کەبەهەڵەشی بکرێتەوە، رەنگ بێت ببێتەهۆی هەڵەی زۆر گەورەلەشیکردنەوەی دۆکیومێنتەکە. دیارەدوای تەواو بوونی دۆزینەوەی واتای پیتەکان، دەبێت کار لەسەر دۆزینەوەی واتای راستەقینەی وشەکان بکرێت، واتەئەو مەبەستەی کەنووسەرەکەوشەکانی بۆ بەکارهێناوە، زۆرجار نووسەران بەمەبەستی جیا جیاوەهەوڵدەدەن وشەکان بەشێوەیە کی جیاواز بەکاربهێنن، زۆر جاران نووسەران نوکتەو مەجازو رەمزو.. . هتد بەکاردەهێنن، جا شیکار بۆ ئەوەی بگاتەمەبەست و هزری نووسەر، پێویستەهەوڵی دۆزینەوەی ئەو واتا راستەقینەیەبدات کەنووسەرەکەمەبەستیەتی (بوس، 1981. ل116-117)، بۆنمونەمێژوونووسی عەرەب، بۆ تێگەیشتن لەبنەماکانی نوسراوەفەرمیەکان لەمیسرو سوریاو عیراق و وڵاتانی تری دەوروبەر، لەدوو سەدەی رابردوودا هەست دەکات پێویستی بەتوێژینەوەی زانستی هەیە، لەبەرئەوەی نووسراوەکانی ئەو دوو سەدەیەدەریدەخەن کە ئەوان رەچاوی شێوازێك لەنووسین دەکەن، دەستپێکردنی نووسراوەکانیان و مۆرەکانیان و ئامانجی نووسراوەکان داب و نەریتێکیان تیادا رەچاو کراوە، یەکێك لەنزیکەکانی میر (بشیر الشهابی) بەناوبانگ، کەلەوانەیەشیخ (ناصیف الیازجی بێت) نووسیویەتی:"هەریە کێك لەتایفانەلەلوبنان دوو چینیان هەیە، شێخەکان و میرەکان، حاکم لەنووسراوەکانی خۆیدا نازناوی (برای ئەزیز)یان بۆ بەکاردە هێنێت، بەڵام لەپاشکۆکانی ئەو نازناوەلەزۆر رووەوەجیاوازی لەنێوان میرەکاندا هەیە، ئەگەر میرەکەلە(بنی اللمیع) بوایە، حاکم بۆی دەنووسی:(جەنابی حەزرەتی برای ئازیزم میر فلّانی بەڕێز، خوای گەورەبپارێزێت)، یەکەم زۆر تامەزرۆی بینیتتانم لەباشیدا بن،. . . ئاواو ئاوا)، ئەم نووسینەلەنیوەی کاغەزەکەدەبوو. ئەگەر هاتوو لە(بەنی ئەرسەلان) بوایە، هەمان شتی بۆ دەنووسی بەڵام نووسینەکەلەچارەکەکاغەزێك دەبوو، لەکۆتایی نامەکەش نەیدەنووسی (برای ئازیزم) بەڵکو دەینووسی (خۆشەویستی دڵسۆزتان)،. . . (رستم، 2002. ل21)، بەم چەشنەمێژوونووس دەبێت شارەزایی ئەو وردەکاریانەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەرووی روخساریەوەلە نووسراوەکان تێبگات. راستەشیکردنەوەی مێژوو رووداوەکان ناگەڕێنێتەوەبۆ یاساو رێساکان، بەڵکو بەتەنیا لەپەیوەندیەکی پوختی نێوان رووداوەکانەوە، لەزانستەمێژوویەکاندا، هەرگیز بەشێوەیەکی یەکسان پارچەناکرێت. ، بەهەمان شێوەی زانستەسروشتیەکان، لەبەرئەوەیەدەبینین، کەئامانجی میتۆد نواندنی ئەو شتانەیەکەچەسپاو سەقامگیرن بۆئەوەی مێژوو بکاتەبابەتێك، بەم چەشنەمێژوو ناتوانێت ببێتەبابەتێك نمونەی پێ بهێنرێتەوەتەنیا ئەگەر ماوەکەی تێنەپەڕیبێت، ئەوەی کەچەسپاو سەقامگیرەلەرابردوو، واتەئەوەی کەشیکردنەوەی مێژوویی دەتوانێت فرەیی و دەگمەنی لەمێژوودا، لەبەرژەوەندی ئەودا فەراهەم بکات، هەمیشەکۆمەڵێکن دە توانرێت بەراوردیان لەنێوان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوەبدرێت کەوا کامەتوانای تێگەیشتنی هەیە، دەتوانرێت بچەسپێنرێت و پاڵپشتی بکرێت وەك دیزاینێك بۆ مێژوو. بواری توێژینەوەلەمێژوودا، لەوەزیاتر رەتناکات کەشیکردنەوەی مێژوویی دەتوانێت پێی بگات. چونکەشتی دەگمەن و دانسقەو سادە، بەکورتی ئەوشتەی بەهادارەلەمێژوو، لەخودی خۆیدا روون ئاشکرا نیەو هەمیشەوا دەمێنێتەوەکەشیکردنەوەی بۆ ناکرێت، جا ئەگەرتوێژینەوەمێژوو بەهاداری(السامی) رەتنەکاتەوە، لەو حالەتەدا بەراورد کردنی بەشتی ئاسایی و مام ناوەند، وەك هەڵوێردنێك شیکردنەوەی بۆ دەکات (هیدجر، المرکز الثقافی العربی. ل148-149).

دوای ئەوەی مێژوونووس لەرەخنەگرتن لەلایەنی رووخساری دەقەکان تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی لێیان تێبگات، رووەکاتەناوەڕۆکی دەقەکان واتەدەکەوێتەقۆناغی رەخنەگرتن لەناوەڕۆکی دەقەکان، رەخنەی ناوەڕۆك لەزاراوەی مێژوودا دوو جۆرە، رەخنەی ناوە ڕۆکی پۆزەتیڤانەو رەخنەی ناوەڕۆکی نێگەتیڤانە. رەخنەپۆزەتیڤانەکە، دەقەکەشیدەکاتەوەو واتاکەی دەخاتەروو، رەخنەی نیگەتیڤانە کە، شتەنهێنیەکان، وەك ئامانجی نووسەرو حەزەکانی و رادەی وردی لەگێڕانەوەی رووداوەکان ئاشکرا دەکات، کەواتەشیکردنەوەی دەق دوو لایەنی هەیە، شیکردنەوەی رووخساری دەقەکان و راڤەکردنی نیازو ئامانجەکانی نووسەر (رستم، 2002. ل57)، هاوکات شیکردنەوەی مێژوویی دەکەوێتەسەر ئەو بنەمایانەی، کەتوێژینەوەی مێژوویی لەسەر بنیات دەنرێت، بۆ نمونە کۆمەڵگای ئەمریکی لەهەموو کۆمەڵگاکانی تر بەوەجیا دەکرێتەوە، کەتوێژینەوەمێژووییەکانی زیاتر پشت بەئابووری و ئامار دەبەستێت، لەبەرئەوەی ئە مریکا خۆی لەسەردەمی شۆڕشی سەرمایەداری دیموکراسیدا سەری هەڵداوە، بۆیەمێژووی ئەمریکا پڕبەووشەمێژوویەکی هاوچەرخ (العروی، 2005. ل136). ئەمەئەوەدەردەخات کەپێویستەخوێندنەوەو روانینمان بۆ مێژوو تەنانەت بۆ لێکدانەوەی مێژووش بگۆڕدرێت، بۆ نمونەکانێك دێیت لەسەر شوێنەواریك داخێوی(قسەدەکەی) مەرج نیەلەو کاتەی کەئەم ئامرازەی تیادا بەکارهاتووە، ئەو کەسانەی بەکاریان هێناوەوەکو تۆ لەواتاکەی گەیشتبن، چونکەئەوان تەنیا وەك ئامرازێك مامەڵەیان لەگەڵ کەرەستەکەکردووە! راستەمێژوو لەناواخنەوە، مەعریفەیەلەرێگای دۆکیومێنتەکانەوە، بەڵام گێڕانەوی مێژوویی، دۆکیومێنتەکان تێدەپەڕێنێت و خۆی دە

ئاخێتەپشت دۆکیومێنتەکانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوەهیچ دۆکیومێنتێك خۆی لەخۆیدا نابێتەرووداوو، تۆمارێکی وێنەیی ئە مین نیەبۆ بەدواداچوونی دیمەنەکانی رووداو، دۆکیومَنتەکان ناتوانن وابکەن کەراستەوخۆ رابردوو ببینی(وەك ئەوەی لەوێ بووبیت)، چونکەدۆکیومینت لاسایی کردنەوەی رووداو نییە، بەڵکو گێڕانەوەی رووداوەکەیە، واتەمێژوو رۆمانێکەلەسەر زمانی مێژوونووس، نەك لەسەر زمانی ئەو کەسانەی کەخۆیان کردارەکانیان ئەنجام داوە(قُین، 1998. ل27)، بۆ نمونەلەسەردەمی ئیستادا، کاتێك تۆیژەرێك مامەڵەلەگەڵ شوێنەوارەکاندا دەکات، ئەو بەتەنیا مامەڵەلەگەڵ کەرەستەکان ناکات، واتەدوو یەکەی هەیەبۆ لێکدانەوەکەی، ئامرازەکەو ئەو ئەقڵەی ئامرازەکەبەکارهێناوە، بۆیەدەتوانێت لەکاتی ئیستادا وردتر شرۆڤەبۆ رووداوەکانی دوێنی بکات لەخودی دوێنێیەکەخۆی، چونکەئیستا دوو یەکەی کاملّی لەبەردەستدایە، بەپێچەوانەی دوێنێ کەتەنیا یەك لایانی لەبەردەستدا بووە! مەسەلەی بنەڕەتیش لەتۆیژینەوەی مێژوویدا لێکدانەوەی گۆڕانکاریەکانەلەماوەی زەمەندا (اتکن، دارالعلم للملایین. ل10)، گۆڕانکاریەکانیش هەردوو یەکەکەبەیەکەوەدەگرێتەوە.

)نیچە) خودی پرسەی راڤەکردنی مێژوو بۆ ویستی هێز (ارادەالقوە)دەگەڕێنێتەوە، (ویستی هێز)، ئەو واتا سەرکەوتووەی هێزەکە فیزیکستەکان خواو گەردوونیان پێ ئەفراند، ئەم هێزە، کارو کارلەیەکترکردنی یەك لایەنەنیە، بەڵکو لەنێوان چەندین جۆر لەهێزەکە خۆی (لەویستی هێز) ەوەدەدۆزێتەوە، (نیچە) دەڵێت : "کاتێك ئەو شیکارەنوێیەبەدیاردەکەوێت، (ویستی هێز) بەراستەقینەجیهانیە کەی و هێزەرەهاکەی بەدیاردەکەوێت، بەشێوەیەك هەموو دەربڕینەکانی تر هیچ واتایەکیان نامێنێت" لەبەرامبەر ئەو دوالیزمە میتافیزیکیەکۆنەی کەهەیە(رووخسار- ناوەڕۆك)، یاخود ئەو دوالیزمەزانستیەی کەهەیە(هۆ- ئەنجام)، (نیچە) پەیوەندی لەنێوان رووخسارو واتا پێشکەش دەکات، بەپشت بەستن بەلێکدانەوەی جینالۆجی، ئەویش ئەوەیەکەهەر هەرهێزێك هەژموونی لەسەر کۆمەڵێك داکەوتە)وقائع) هەیەو رەنج خۆری دەکات، هەتاوەکو خودی درك پێکردنیش دەربڕینی ئەو هێزانەیەکەوا خاوەنی سروشتن، واتەخودی سروشتیش مێژووی خۆی هەیە، لێرەوە(نیچە) بەرپەرچی (هیگل) دەداتەوە، کەبواری مێژووتەنیا لەقۆناغی دوای نەستی مرۆڤەوەکورت دەکاتەوە"مێژوو کۆی توێژینەوەتایبەتیەکانی هرزە، بەو پێچەوانەی کەناکۆکەلەگەڵ سروشدا، مێژوو شتێکەهێزەململانێکەرەکان هەوڵدەدەن بۆ خۆیانی بەرن، هەر دیاردەیەك و هەربابەتێك بەگوێرەی ئەو هێزەی کەهەیەتی دە گۆڕێت، بۆیەمێژوو رێڕەوێکی فرەواتایە(مسار تعدد المعانی)، بەشێوەیەکی تر ململانێی هێزەکان، لەبەر ئەوەی هەموو واتایەك لە لایەك دەڕبڕینەلەهێزێکی دیاریکراو، لەلایەکی تر، هیچ واتایەك نیەتەنیا لەشێوەیەکی فرەییدا نەبێت و ئەستوندەکەی بە دواداچوونی دەلالەتەکان و ئاڵۆزی و ململانێیەکانیانە(مراد: www. aljabriabed. net) بۆ نمونەلەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و دە ستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی، ئەوروپا بەشێوەیەکی کرداری هەژموونی خۆی بەسەر هەموو جیهان سەپاند، لەدوای ئەو هە ژموونیەدا سەنتەرالیزمی ئەوروپی و ئەتنیکچی و دوژمندارانەتر بوو، بەشێوەیەکی میکانیکی بنەماڵەکانی تری بەکەمتر لەبنەماڵەئە وروپیەکان هەژمارکرد، لەرێگای رۆشنبیریەکی زۆرزانانەوەئەو هۆیانەیان دروستکرد بۆ ئەوەی کەوا بسەلمێنن، دۆخەکەپێویستەبە وشێوەیەبێت وەك ئەوەی ئەوان گەرەکیان بوو! تەنانەت هەندێکیان وایانزانی کەخوا، خوای کریستیانەکانەیاخود، خوای ئاینی پڕۆتستانتەکانە، تائیستاش زۆرکەس هەر خاوەنی ئەو باوەڕەن!هەروەها هەندێك لەنووسەران پێیان لەسەرئەوەداگرت کەئەو هە ژموونیەپێویستەروونبکرێتەوە، بەڵام شیکردنەوەیەك کەپشت بەو فاکتەرەئەزەلیانە، ئەتنیککگەری یاخود رۆشنبیری ببەستێت کەلەسە ردەمێکی کۆنەوەلەئارادایە، ، بەڵام ئەو شیکردنەوانەنەك تەنیا لەلایەنی تیووریەوە، بەڵکو لەلایەنی ئەزموونیشەوەرازیکەر نین، لە بەرئەوەی لەیەکنەچوونەکان درەنگ وەخت تر بوون، پێویستەووشیار بین لەشیکردنەوەی رابردوو بەرێگایکی ئامانجدارەوە، واتە شیکردنەوەی رابردوو لەروانگەی ئیستاوە(غودی، 2010. ل22). چونکەگەشەسەندنێکی رێکخراوی لێکدانەوەمێژووییەکان لەرێگای چەمك و گریمانەکانەوەبەسەبۆ ئەوەی ئەو مەودایەروون بکاتەوەکەمێژوو پێی گەیشتووەوەك زانستێك لەزانستەکۆمەڵایەتیەکان (اتکن، دارالعلم لملایین. ل102).

هەندێك هەوڵدەدەن کەلەرێگای شیکردنەوەدا بگەنەیاسایەك کەیارمەتیان بدات بۆئەوەی لەرووداوی تری هاوشێوەتێبگەن، واتەوە کو زانستەکانی تر، مێژووش بگەیەننەقۆناغی دروستکردنی هاوکێشەیەکی ماتماتێکی، تیوری یاساکانی شیکاری لەمێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونگەرایی لۆژیکی، ئەو قوتابخانەیەباوەڕی بەیەکیەتی ئاوەز(وحدەالعقل)هەیە، بەگوێرەی لێکدانەوەبۆ شیکاریەکان هەموو شیکردنەوەیەك دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوەبۆ ئەوەی روداوەکان بخرێتەژێر یاساکانەوە، بەشێوەیەکی وردتر با گریمانی ئەوەبکەین کە رووداوێك هەیەپێویستەشیبکەینەوە، ئەوەی کەپێویستەشیبکرێتەوەسەرەتا لەلایەك و لەلایەك تریش ئەو مەرجانەی پێشتر وەك ئە وەی رووداوەکەلەکات و شوێنێکی دیاریکراودا رووبداوە، ئەو مەرجانەدەکەوێتەچوارچێوەکانی مەرجەکانی زانایانی سروشت و لەلایە کی ترلەیاسای زانستی پێکدێت، یاخود بەلایەنی کەم دەکەوێتەژێر یاسایەك، دابەزینی نرخی گەنم دەکەوێتەژێر یاسای کینگ (King)، (قُین، 1998. ل171)، بەپێچەوانەی ئەمەوەهەندێکی وایدەبینن کەشیکردنەوەی مێژوو شیکردنەوەیەك نیەبنەما بێت لەسەر

یاساکان بەڵکو بنەمایەلەسەر سۆنگەیی(السببیه)، بەو وەسفەی کەسۆنگەیە، بۆیەئەو شتانەبەخۆوەدەگرێت کەوا گشتین، ئەوەی بە شێوەیەکی سەرپێی چوون یەك نەبێت لەروورداو، ئارەزووی ئەوەی هەیەکەدووبارەخۆی بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵام ناتوانین بەوردی بڵێین کەبەرهەمەکەی چی دەبێت و لەچ مەرجێکدا دەبێت، لەبەرامبەر شیکردنەوەدا کەتایبەتمەندیەکی زانستەسروشتیەکان یاخود مرۆڤایەتیەکان، مێژوو وەك وەسفێکی سادەبۆ ئەو شتانەی لەرابردوودا رووياندراوەدێتەپێش چاو، ئەوەشیدەکاتەوەکەروودراوەکان چۆن رووياندراوەو وایان لێدەکات ئاسان بن بۆ تێگەیشتن، باسی ئەوەدەکات کەچۆن سێوەکەلەدارەکەدەکەوێتەخوارەوە، ل هەبەرئەوە ی سێوەکەپێگەیوەیاخود لەبەرئەوەی با هەڵیکردووە!؟هەوڵی زۆر درا بۆئەوەی بەدرێژی کەوتنی سێوەکەبگێڕنەوە، بەڵام کەسیان باسیان لەیاسای راکێشان(قانون الجاذبیه) نەکرد، کەیاسایەکی شاراوەبوو دەبوایەئاشکرای بکەن، گەیشتنەئەو دەرئەنجامەئاساییەی کەئەگەر شتێك پاڵپشتی نەبێت دەکەوێت (ڤین، 1998. ل179). کەواتەئەو رێسایانەی کەئەمانەتی هزری دەپارێزێت، وەسفی رەفتارە باشەکان دەکات نەك داوای رەفتارەکان بکات، لەبەرئەوەی ئیمەناتوانین تەنیا یەك تۆڕی راڤەکردنەکان، یاخود راڤەکردنێکی تاك بە راورد بکەین، لەبەرئەوەی ئەزموون و راستەقینەکان رێزبەندی و راڤەکردنەکەی کەم و کووڕی تیا دەکەوێت، ناتوانین لەراڤەکردنێك تێبگەین یاخود هەڵیسەنگێنین، تەنیا ئەگەر وەك پارچەیەك نەبێت لەتۆڕێکی بەرفراوانی لەیەك گەیشتن و راڤەکردنەئاڵۆزەکان، بەم چەشنە،. . . کۆمەڵێك پێوەری دیاریکراومان هەیەبۆ بەراوردکردن لەنێوان راڤەکردنەجیاوازەکان، ئەو پێوەرانەخۆیان لەدوو کۆمەڵە پێوەر دەدۆزنەوە، یەکەمیان پێویستەئێمەرێزی پێوەرەکان و بەڵگەو هۆیەکان بگرین، پێویستەئەو راڤەکردنانەهەڵبژێرین کەهەماهە نگ و وردو گشتگیرە، پێوەرمان هەیەبۆ بەڵگەکان داوامان لێدەکات کەبۆ راستەقینەکان بگەڕێینەوەو بەشێوەیەکی روون دیاریان بکە ین و هەوڵبدەین پاڵپشتی راڤەکردنەکانمانی پێ بکەین، هاوکات پێوەری لۆژیکیمان هەیەکەوا دەکات ارڤەکردنەکانمان روون و یە کدیگیربێت، دووەمیان تیووری (مچاربەمان) هەیەپۆزەتیڤانەیەو بەتەنیا رەخنەناگرێت بەڵکو چەند چینێکی تر لەراڤەکردنی نوێ پێشکەش دەکات کەئەمەش دەستکەوتێکی گرنگ و بەرهەمدار(Bevir, 2010. P. 336) .

کاتێك لە راڤەکردنی کۆمەڵێك داکەوتە(وقائع)، دەتوانین بگەینە سەرئەنجامی یاسایەك، ئەوکاتەمێژووی دوورو دریژ زۆر بەجێدە مێنێت(دوادەکەوێت)، بۆنمەئەگەر بینیمان موگناتیش پارچەیەك ئاسن رادەکێشێت، گەیشتنینەئەوەی، کەیاسایەکی گشتی لەراکێشانی ئاسن بەموگناتیش هەڵێنجین، پێویستەبەوەناکات کەتوێژینەوەکەبەمێژووی موگناتیس لەتوێژینەوەکەقووڵ بکەینەوە(ستروس، 1977. ل18). ئەگەر خەڵك مێژوویکی سروشتی و ئەزموونێکی باشیان کەوتەبەردەست، بەپاکیەوەکاریان لەسەرکردو پشتیان بەو دوو رێسایە بەست :

1-وازهێنان لەوێناکردن و راوبۆچوونەبڵاوەکان.

2-گشتاندنی خێرا ئەنجام نەدەن.

ئەوا لەتوانایاندا دەبێت، بەکارەباش و رەسەنەکانی ئاوەزی خۆیان، نەك شتی تر، بەبێئەوەی پەنا بۆ هیچ هونەرێکی تر ببەن، ئەو رێگایەلەشیکردنەوەوەدەست بێنن، لەبەرئەوەی شیکردنەوەکرداری راستەقینەو سروشتی ئاوەزەکانێك لەکۆسپەکان رزگار دەکرێت، (بیکون، 2013. ل132). بەواتایەکی ترلەمێژوودا شتێك نیەبەتەواوی بابەتیانەبێت بەڵکو شتێکی خودیشە، ئەو لەدۆخی گۆڕانێکی بە ردەوام دایە، تاوەکو پەیوەندیەکانی نێوان شیکارو بابەتی شیکراوە، پەیوەندیەکی لەرووی زەمەن و شوێنەوەلەگۆڕاندابێت (ابوزید، 2005. ل29).

لەکۆتایدا پێویستەئاماژەبۆ ئەوەبکەین کەلەشیکردنەوەی مێژوودا هەوڵدراوەلەرێگای یۆتۆپیاوەبیر لەدوارۆژ بکرێتەوە، کەواتەیەکەی زەمەن بەشێوەیەکی پڕ کەم و کوری ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیەئەگەر ئەمەبۆ رابردوو راست بوو بێت بۆ کاتی ئێستا رەنگ بێت زۆر لە بار نەبێت، چونکەبەتێکەڵکردنی ئەو دووارۆژەلەرێگای پلانەوەدەبێت، واتەلەرێگای راستەقینەوەدەبێت، ئەگەر نەشتوانین بڵێن راستەقینەیەکی رەها لەبەر ئەوەی کاتەکەی دوارۆژەوەدیارنیە، ئەوا بێگومان دەتوانین بڵین یۆتۆپیایەکی نزیکتر لەراستەقینە!بەتایبە تیش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوەئێستا زیاتر هۆکاری کاریگەریەدەروونی و جەستەییەکانی مرۆڤ دیاریدەکرێت، بۆیەرەنگ بێت لەئایندەدا پێشبینیکردنی دوارۆژ ئاسانتر بێت.

باسی دووەم

هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو

هەموو شیکردنەوەیەك بەندەلەسەر تێگەیشتن، بایەخی دەق ئێجگار زیاتر دەبێت کاتێك تێگەیشتنی بۆ دەکرێت، تێگەیشتن لەدەق پێویستی بەشیکارێك هەیەسەرەتا توانای تێگەیشتنی هەبێت لەدەقەکەدا، شلیماخر وا پێناسەی هارمونەتیك دەکات کە"هونەری خۆلادانەلەخراپ تێگەیشتن".. کاتێك هەوڵی تێگەیشتنی دەقێك دەکەین، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژەبەراستەقینەیەکی شاراوەلە

نێودەقەکەدەکەین، کەپێویستەتیشکی بخرێتەسەر، لەراستیدا ئەوەی تێیدەگەین هزر نیەکەبەبەشێك لەژیانێکی تر هەژمار بکرێت، بەڵکو وەك راستەقینەهەژماردەکرێت، لەبەرئەم هۆیەهارمونەتیزەکردن ئەرکێکی تریشی هەیە، کەبەگوێرەی شتەکان ئەرکێکی لاوە کیە، شلیماخر ئەمەبەقەدەر ئەو بڕەوەردەگرێت کەهارمونەتیك(*) پێی دەگات لەلەچوارچێوەی سیستەمی زانینی دیالیکتیك (غادامیر، 2005. ل 272). کەواتەنووسینی دەقێکی داهێنان چەند گرنگە، بوونی شیکارێکی داهێنەریش، کەبتوانێت بگاتەئەو واتایانە ی کەنووسەرەکەمەبەستیەتی زۆر گرنگترە، نەبوونی خوێنەری زرنگ و شیکاری وا، سۆنگەی سەرەکی ئەوەیە، کەدەقی باش و نەمر لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کەمتر دەربکەون، چونکەلەو کۆمەڵگایانەدا، لەبەرئەوەی تواتای تێگەیشتن کەمە، تەنانەت توانای خوێندنەوەش کەمە، بۆیەدەقەکان، ئەگەر زۆر گرنگ و بەیایەخیش بن، ئاشکرا نابن، ئەوکاریگەریەشیان نابێت کەلەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دەیانبێت، چونکەلەپڕۆسەی تێگەیشتنی دەقێکی مێژوویی، یاخود رووداوێکی مێژووییدا، بەتەنیا تێگەیشتن لەدەق بەس نیە، بەڵکو پێویستەلەوکاودانەش تێبگەن کەرووداوەکەی تیادا نووسراوە، یاخود رووداوەکەی تیادا رووپداوە، ئەوەی پێی دەگوترێت تێگەیشتن و دەتوانین زیاتر وردی بکەینەوە، ئەو واتایە، کاتێك دەڵێین حوکمدان بنەمایەلەسەر تێگەیشتن و وێنەیەکەلەپڕۆسەی شیکردنەوە، دەبێت واتایەکی هەبێت (هیدغر، 2012. ل300). بۆ نمونەئەگەر شیکردنەوەی جوگرافی بۆ مێژوو لای زانایانی فیزیك قبوولکراو بێت، ئەوا شیکردنەوەی ئابووری بۆ مێژوو لای مێژوونووسەکان و لەوانیش زیاتر لای کۆمەڵناسەکان زیاتر لەگەڵ ئاوەز دە گونجێت، بەرهەم هێنانی ئابووری لای مرۆڤ لەکاتی ئیستادا بەکلیلی مێژوو هەژماردەکرێت(صدقی، 1980. ل15).

گەورەترین کۆسپ لەرێگای تێگەیشتن، ناموێی کەم و کوڕی هەستەکانی وفریوخواردنەکەیەتی، ئەو شتانەی بەر هەستەکان دەکەون دەخرێنەپێش ئەو شتانەی کەراستەوخۆ بەرهەستەکان ناکەون، هەرچەندەپلەیان بەرزتریش بێت، ئەمەیەوادەکات کاتێك بینین دەوە ستێت، لەزۆربەی کاتدا تێڕامانیش دەوەستێت، بەشێویەك کەباکی بەشتەنەبینراوەکان نابێت، بەم چەشنەهەموو کردارێك وەك روحێکی هەبوو لەلاشەبەرجەستەکاندا بەشاراوەیی دەمێنێتەوەو خەڵك تێبینی ناکەن، بەهەمان شێوەهەموو گۆڕانکاریەبونیادیە کانش بەشاراوەیی دەمێننەوە(بیکون، 2013. ل 36). بۆیەپێویستەبەرلەهەموو شتێك بۆ ناوەرۆکی خودی کەرەستەی دەقەکەهارمۆنە تیزەبکەین، چونکەکاتێك دەقێك وەکو دۆکیومێنتێك تێدەگەین، تەنیا لەپشت واتای پیتەکانەوەدەتوانین واتای راستەقینەی بدۆزینەوە ، دەتوانین بەبەراوردکردنی لەگەڵ دەرکەوتەکانی تردا، بەها مێژووییەکەی بخەملێنین (غادامیر، 2007. ل452). لێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا ئەویش ئەوەیەکەئێمەچۆن دەزانین کەئەو شتەدەزانین کەگومان دەکەین دەیزانین؟ چۆن وەڵامی ئەو بانگەشەیەدەدەینەوەکە هووشیاری وامان لێدەکات درك بەشتەکان بکەین، پێویستەوریابین، ئەمەبابەتی حوکمدانە، پێویستەلەسەرمان سەیری رێساکانی سە لماندن بکەین، ئەو پێوەرانەچین کەلەبەردەستماندایەبۆ ئەوەی ئاکارو راستەقینەو دادپەروەری دیاربکەین؟لەفەلسەفەدا بەگوێرەی تیووری مەعریفەمامەڵەلەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەکەین، ئەمەش بابەتی تێگەیشتن، (هەڵەنەکردن- العصمه) دەوروژێنێت، یاخود جیاکاری بەهۆی ئەو شتانەی کەهەمیشەدووبارەدەبنەوەپێویستەژیانمان ببەخشینەئەو خەڵك و کاودانەی کەلەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەدایە، دوای هەموو شتێك بەراستی ئێمەچی دەزانین؟ زۆربەی کات بۆمان دەردەکەوێت کەحوکمێکی هەڵەکوژەرە، بەڵام مە ترسیەکان هەرچیەك بن، پێویستەلەسەرمان کەوا کاربکەین، ئێمەباوەڕمان بەوەهەیەکەلەدوا جاردا وەکو دادگایەك دەبینەدوا شوێن، لەراستیدا چەمکی راستەقینەزۆر پرسیاری ئاکاری دەربارەی سیمای کەسی و ویژدانی ئەوانەدەوروژێنێت کەپیادەی دەسەڵات دەکەن و ئەوانەی کەدانیان پێدا دەنێین، ئەو چەمکەراستەوخۆ ئامازەبۆ ئەنجامەکان و بەرپرسیاریەتی دەکات. جا ئەگەر ئێمەپەندمان لە راستەقینەوەرگرت یاخود پێشێلمان کرد، ئەنجامی هەیە، دوای ئەوەی کەبەڵگەکان تەرازوو دەکەین، یاخود خۆمان لەتەرازوو دەدە ین، حوکمەکەمان چی دەبێت؟ ئەو تێچوون و سوودانەچیەکەلەئەنجامی گرتنەبەری ئەو کارراییانەیاخود پشتگوێ خستنیان پێمان دەگات؟ (Samson:www. contra-mundum. org)

گریمانەی بنەڕەتی بۆ هەموو هەوڵەکانی تێگەیشتن لەمرۆڤەکانی رابردوو، پێویستەباوەڕ بەوەبهێنین کەدەتوانین بچینەناو ئاوەزی خەڵکانی تردەوەکەجیاوازن لەچەمکەکانی ئێمە، ئەگەر ئەو بڕواهێنانەهیچ بنەمایەکی نەبوو، وا پێدەچێت کەمرۆڤەکان هەمیشە داخراوو دوور لەیەکتر بووبن، پێویستەسەیری هەموو نەوەکان بکەین، وەك جیهانێك و یاسایەك لەخودی خۆیاندا، ئەگەر نە مانتوانین ئەوەبکەین ئەوەئاستەنگە، کەتەنانەت لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا بتوانین بچینەناو ئاوەزی شێخێکی رۆمی کاسۆلیك، بۆ نمونە، ئاستەنگە، کەهیچ شتێك بزانین دەربارەی مرۆڤەکان لەسەدەی شازدەهەمدا، دەبێت وا نیشان بدەین کەپڕۆسەی دروستکردنی مێژوو بەو شێوەیەنێدەگەین، کەلەرۆژگاری ئەمڕۆدا بۆمان داڕێژراوە، هەندێك شت کەزۆر ئاساییەبۆ مێژوونووس ئەوەیەکەهەندێك هەستکردن لەهەموو سەردەمەکاندا وەکو یەکە، هەتاوەکو ئەگەر مرۆڤەکانیش زۆر جیاواز بن(Butterfield, 1931. P. 10) .

لەهارمۆنەتیزەکردنی رووداوو کارەکانی رابردوو، سەرباری ئەوەی زۆرلەفەیلسەفووفەکانی زمان و مێژوونووسەکانیان ئەو گوتەیەی (دریدا) یان قبوولّ نەکرد کەدەڵێت:"هیچ شتێك لەدەرەوەی دەق نیە"، لەگەڵ ئەوەش سوودیان لەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە

ی(التفکیك)ی دریدا وەرگرت بۆئەوەی چەمکی لایەنەکانی زمانەوانی و رۆشنبیری و گێڕانەوەی خۆیانی پێ فراوان بکەن، لایەنە نوێیەکانی خۆیان، لەوانەی پێش خۆیان جوێبکەنەوە، ئەوانەسیفەتی هەڵوەشاندنەوە(التفکیك) یان لەشتەکانی خۆیان نا، کەلە روانگەی ئەوانەوەهەردوو تیووری ئاشکراکردن و بونیادی مێژوو تێدەپەڕێنێت، (ئالون مونسلو) لەکتێبەکەی خۆیدا هەڵوەشاندنەوە ی مێژوو ئەو چەمکەی دەربڕی، (مونسلو) سێ قوتابخانەی مێژوویی لەیەکتر جوێکردەوەکەلەگەڵ پێشکەوتنی توێژینەوەو نووسینی مێژوویی لەسەردەمی (رانکە)وەهاتەئارا، قوتابخانەی وچعی(پۆزەتیفیستەکان)، کەخاوەنی روانگەی گەڕاندنەوەی رووداوەکانی رابردوو وەك ئەوەی رووياندواوەبوو، قوتابخانەی دووەم قوتابخانەی بونیادی مێژوویی، خاوەنی تیوری بونیادگە ری(Constructionism)، کەپێی وایەنووسینی مێژوویی رووداوەکانی رابردوو بونیاد دەنێت و ئاستەنگەچوون یەکی بکەیت لەگەڵ خودی رووداوەکان وەك ئەوەی کەرووياندواوە، قوتابخانەی سێیەمیش قوتابخانەی هەڵوەشاندنەوە(التفکیك)ەکەجەخت لەسەر لایە نەکانی مەعریفی و میتۆدی زمان دەکاتەوە، هەروەها خۆی لەگێڕانەوەی مێژوویی بەرجەستەدەکات، بەبێئەوەی بایەخ بەوەبدات، کەئەو زانیاریانەی دەربارەی رووداوەکانی رابردوو هەڵیگرتووە، راستەیاخود نا، مەبەستی (مونسلو) لەهەڵوەشاندنەوەئەوەبوو کەدە شێت لەسروشتی مێژوو تێبگەین لەرێگای تەماشاکردنی وەك کارێکی داهێنەرانەو ئەفرێندراو لەشێوەی ئەو گێڕانەوەی کە مێژوونووسەکان دەیسەپێننەسەر رابردوو، نەك لەرێگای تەماشاکردنی وەك پرۆژەیەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئەزموونگەرایی و بابەتیانە، بەڵکو، پرۆسەی ئەفراندن و سەپاندنەبەشێوەیەکی راستەوخۆکاریگەری بەسەر تێکڕای قۆناغەکانی پرۆژەکەدەبێت، لە قۆناغی گەڕان تا وەکو قۆناغی نووسین، بەڵام (مونسلۆ) پێی وایەکەبەکارهێنانی ئەو بۆ زاراوەی هەڵوەشاندنەوەلەگەڵ بەکارهێنانە کەی جاك دریدا نابێت تێکەڵ بکرێت، (دریدا) بەرای (مونسلۆ) ئەو زاراوەی بۆ تێگەیشتن لەدەقەکان بەکارهێنا بەبێئەوەی باس لە واقعی دەرەوەی دەقەکان، واتەئەو ژینگەو کاودانەی، کەدەقەکانی تیادا سەریهەڵداوەبکات، یاخود ئاماژەیان بۆ بکات (فرو، 2013. ل83). لێرەدا کۆمەڵەپرسیارێك دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیەکەئایا پەیوەندی لەنێوان دانەرو دەقدا چیە؟جا ئەو دەقەهەرجۆرێك بێت، ئەدەبی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی) ئایا دەق بەشێوەیەکی راستەقینەیەکسانەبەوەبەنیازی راستەقینەی ئاوەزی دانەرەکەی؟ ئایا رەخنەگر یاخود شیکار دەتوانێت لەرێگای لێکۆڵینەوەلەدەقەداهێنراوەکەبچێتەناو جیهانی ئاوەزی دانەرەکەی؟ ئەگەر چوون یەك بوونمان لەنێوان نیازی دانەرو دەقەکەدا رەتکردەوە، ئایا دەتوانین بڵێین کەئەوان دووشتی جیاوازو بەتەواوی لەیەکتر جیان؟ یاخود جۆرێك لەپەیوەندی هەر هەیە؟ ئەگەر وابێت سروشتی ئەو پەیوەندیەچۆنەو چۆن دەپێوین؟ بەشێوەیەکی تر ئەو پەیوەندیەچیەکەلە نێوان دانەرو دەق رەخنەگر یاخود شیکاردا هەیە؟ بوونی توانەیەکی(بابەتیانە) چەندەبۆ تێگەیشتن لەواتای دەقێك؟ مەبەستمان (تێگەیشتنی بابەتی) تێگەیشتنی زانستیەکەکەس جیاوازی لەسەر نیە، واتەتێگەیشتن لەدەق وەك ئەوەی دانەرەکەی دەیەوێت یاخود وەك ئەوەی کەدەیەوێت تێیبگەن، کێشەکەئاڵۆزتر دەبێت کاتێك دەمانەوێت دەربارەی سێلایەنەی(دانەر-دەق-رەخنەگر یاخود شیکار) بپرسین، لەو داکەوتەی(واقع)، کەهەردوو پرۆسەی داهێنان و شیکردنەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت، ئاڵۆزیەکەتوندتر دەبێت ئەگەر هاتوو (دەقەکە) بۆ زەمەنێك و واقعێکی جیاواز بگەڕێتەوەلەزەمەن و راستەقینەی راڤەکردنەکە، واتەدانەرو رەخنەگر(شیکار) بۆ دوو زەمەنی جیاوازو لەیەکتر جودا بگەڕێنەوە(ابوزید، 2005. ل17)، بۆ نمونەوەك دەقی مێژوویی. لەراستیدا ئێمەهەمیشەوا لە مێژوو تێدەگەین، وەك ئەوەی تەنیا گرنگی بەو بابەتانەدەدات کەلەرابردوودا رووياندواوە، بەڵام کاتێك سەیری مێژووی نووسراو دە کەین، دەبینین گفتوگۆیەکەلەنێوان مێژوونووساندا، نەك دەربارەی ئەوەی کەچۆن رووپدا؟ بەڵکو بۆچی و چۆن رووداوەکان گەشە یان سەند، توێژینەوەی مێژوو بەتەنیا وەڵادانەوەی پرسیارەکان نیە، بەڵکو پێویستی بەبەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان هە یە، هەتاوەکو ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت بۆ بەکارهێنان بشێت، پێویستەبەپشت بەستن بەو بەڵگانەی لەبەردەستیدایەبگاتەدە رئەنجامێك(http://nchs. ucla. edu:Historical Analysis and Interpretation) ، مێژوونووس کاتێك رووداوەکانی مێژوویی شیدە کاتەوەلەریزەوێکی مێژووپدا بەیەکتریان دەبەستێتەوە، لەراستیدا ئەو شیکردنەوەیان بۆ ناکات وەك ئەوەی رووياندواوە، بەڵکو ئەو هارمۆنەتیزەیان بۆ دەکات، لەبەرئەوەی هەر رووداوێك یا ڕێزەوێکی مێژوویی دیاردەیەکی تاکەو دووبارەنابێتەوەو یەکجار روودە دات، بۆیەمێژوونووس بایەخ بەهارمۆنەتیزەکردنی تایبەتمەندیەکان و جیاوازیەکانی رووداو لەرێزەوەکانی تر دەدات، ئاستەنگەکەهە موویان بەیەکەوەکۆبکاتەوەبەیاسایەك بیانبەستێتەوە، وەك ئەو دیاردەسروشتیانەی کەدووبارەدەبنەوە، رەنگ بێت ئەوانەی بەرگری لەشیکردنەوەدەکەن بڵین کەهەموو دیاردەیەکی سروشتی دووبارەنابێتەوە، بەڵکو هەندێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیەو وەك رووداوەکان دووبارەنابنەوە، وەك رووداوەجیۆلۆجیەکان یاخود کەوتنی بنمیچی خانووێك بەهۆی هەڵەی ئەندازەییەوە، ئەوانە پێویستیان بەتوێژینەوەیەکی زانستی هەیەکەپشت بەیاسا ببەستێت لەشیکردنەوەی هۆکارەکانی رووداندیان، بەڵام ئەو رووداوەو هی تریش لەدیاردەتایبەتیەکانی سروشت لەژیانی رۆژانەناتوانرێت بکرێتەپێوەر بۆ بونیادنانی یاساکان بۆ شیکردنەوە، یاخود هارمۆنەتیزە کردنی ئەو رووداو رێزەوەمێژووییانەی کەبونیاتنراون، یاخود هێنراونەتەبەرچاو، هۆی ئەمەش لەوەوەسەرچاوەدەگرێت کەبابەتی

توێژینەوەی مێژوونووس لەدیاردەمێژوویەکان، پەیوەستەبەکردارو گوفتەکانی مرۆڤەوە، واتەئەو لەکرۆکدا وەک کردارو گوفتاری مێژوونووسەکەیە، کەلەرووی کرۆکەوەجیاوازەلەبابەتی توێژینەوەلەدیاردەسروشتیانەی کەپەیوەندیان بەکرداری سروشتەوەهەیە، کە واتەبابەتی توێژینەوەی مێژوو کردارو رەفتارەکانی مرۆڤە، نەک بەوسیفەتەی کەبەتەنیا کرداڕە، بەڵکو کردارێکەبیرکردنەوەی ناوە خۆیشی لەگەڵ دایە(فرو، 2013. ل42). بۆیەدەبینین هەندێك جار مێژوونووس لەرێگای بۆچوونی تایبەتی و ئەو ئایدیۆلۆژیایەی باوە ڕی پێیەتی، بەرلەوەی لەدەقەمێژووییەتێبگات، تەنانەت بیبینێت، حوکمی خۆی لەسەر دەدات! وەك هایدگرو، گادامیر دەڵێن سە ربارى ئەوەى كەوا(تێگەیشتنى پێشینە) ئامرازو كەل و پەلەكانمانەبۆ تێگەیشتن، كەئێمەلەرێگەى ئەمەوەدەست بەسەر دەكرێین و نامانەوێت ئاسۆی خۆمان لەئاسۆی دەقەکاندا بتوێنینەوە، وامان لێدەکات کەنەمانەوێت بکەوینەگفتوگۆیەکی راستگۆیانەلەگەڵ دەقە کەدا، نامانەوێ گوێ لەدەنگی ئەوەی تر بگرین، نامانەوێت ئەوەی کەلەژێر ڕۆشنایی پڕۆسەی خوێندنەوەوەلەبەردەممان سەرهەڵدە دات، لەکەوتنەکانی پێشووتر پەژیوان بینەوە، بۆیەلەتێگەیشتنی پێشینەمان چەق دەبەستین و ناتوانین تێپەڕێنین، خوێندنەوەیەکی راستەقینەبۆ دەقەکان ناکەین، بەڵکو دەقەکەبێدەنگ دەکەن و ئەوەی لەسەر دەسەپێنن کەتیایدا نیە، بەم چەشنەخڵتی خراپ تێگە یشتن ساڵ بەساڵ زیاتر لەسەر یەك کەڵەکەدەبێت(مصطفى، 2007. ل22). جارى وا هەیەمێژوونووس بەمەستى شاردنەوەو بەلەڕێ لابردنى راستەقینەکان مێژووەکەدەنووسێتەوە، کەواتەئەگەر کەسانێك هەبن بەویژدان بن و بیانەوێت راستەقینەکان نەمر بکەن، ئەوا کەسانى تر هەیەدەیەوێت راستەقینەکان دیزەبەدەرخۆنەبکرێن و لەگۆڕنرێن ئێمەسروشت شیدەکەینەوە، هەرچى مرۆڤپێویستەلە سەرمان کەتێیبگەین (مصطفى، 2007. ل130).. سەرباری ئەمەش، بەشێکی تر لەنووسەران پێیان وایەکەمێژوونووس (هارمونەتیزە کردن) تێدەپەڕێنیت، چەمکی هارمۆنەتیك واتایەکی نوێ و وردتر وەردەگرێت، هارمونەتیك چیتر ئەو واتایەی نامێنێت وەك ئەوەی کەلەلای فیلولوژیستەکان واتای کرارێکی راشکاوانەبۆ تێگەیشتنی دەقێك دەگەیەنێت، چەمکی هارمونەتیکی مێژووپی زیاتر لەگەڵ چەمکی دەربڕین یەکدەگرێتەوە، کەهارمونەتیکی مێژوو بەواتا تەقلیدی و کلاسیکیەکەی تێی ناگات، واتەوەك زاراوەیەکی ڕەوانبێژی ئاماژەبۆ پەیوەندی لەنێوان زمان و هزر دەکات، ئەو شتانەی، کەدەربڕینەکەدەریدەبڕێت بەتەنیا ئەو شتەنیەکەدەیانەوێت دەربڕن، بەڵکو بەپلەی یەکەم ئەوەدەردەبڕێت کەوشەکان دەریدەبڕن (غادامیر، 2007. ل452)، نەك نیازی مێژوونووسەکە. بۆیەسەرلەنوێ بنیناتنەوەی ئەو کاودانەی کەلەرێگای کارێکی هونەری رابردوو گەیشتۆتەدەستمان، کەلەبنەڕەتدا دروست کراوبووە، بێگومان بۆ تێگەیشتن لەو کارەهونەریەگرنگە، بەڵام دەشێ ئێمەبپرسین کەئایا ئەوەی لای ئێمەیەراستەقینەی ئەو کارەهونەریەیەکەئێمەبەدوایدا دەگەڕێین؟ئایا راستەکەتێگەیشتن وەك کارێکی داهێنەرانەی دووەم ببینین، واتەسەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی بەرهەمەرەسەنەکە ؟بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ئەو ڕوانگەهارمۆنەتیکیە، هیچ بەهایەکی نیەوەك گەڕانەوەبۆ ژیانی رابردوو، یاخود هەوڵدان بۆ هێنانەوە ی، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کاودانەرەسەنەکەوەك هەر سەرلەنوێ هێنانەوەیەك پڕۆژەیەکەلەڕوانگەی مێژووپی بوونی، بوونمان، هیچ سوودێکی نیە، چونکەئەوەی کەسەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە، واتەئەو ژیانەی کەلەرابردوویەکی وون بوو دەهێنرێتەوە، شتەرە سەنەکەنیە، لەکاتی بەردەوام بوونی لەحالەتێکی نامۆدا، تەنیا بوونێکی رۆشنبیری لاوەکی وەدەست دەهێنێت، ئەو ئارەزووەی ئێستا لەئارادایەئەوەدەسەلمێنێت، ئارەزووی هێنانەدەرەوەی کارێکی هونەری لەموزەخانەیەك و گەڕاندنەوەی بۆ ئەو شوێنەی کەلەبنەڕە تدا لێیەوەهێنراوە، یاخود گەڕاندنەوەی شێوەی ڕەسەنی تەلارەبەرزەکان، تەنانەت ئەو تابلۆیەش کەلەموزەخانەیەك دەردەهێنرێت و دەگەڕێنرێتەوەبۆ کلێسایەك، یاخود بینایەك حالەتی ڕەسەنی خۆی بۆ دەگەڕێنرێتەوە، ناگەڕێتەوەبۆ ئەو دۆخەی کەرۆژێك لە رۆژان لەسەری بووە، تەنیا دەبێتەفاکتەرێك بۆ راکێشانی گەشتیاران، بەم چەشنەئەو هۆرمۆنەتیکیەی کەتێگەیشتن بەسەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شتەرەسەنەکەهەژماردەکات، لەگواستنەوەی واتایەکی مردوو زێتر نیە(غادامیر، 2007. ل252).

هەندێك بەرگری لەوەدەکەن، کەسنووری جیهانی هارمۆنەتیزەکردن، لەرووبەروبوونەوەی ستایلەکانی سەرەوەی مێژوو دۆزراوەتەوە، وەك ماتماتیك و جواناسی، لەراستیدا جۆری جوان ناسی هونەرێك لەهونەرەکان پشت بەهەندێك یاسای بونیادگە ری و ئاستی شێوەیەك لەبەرجەستەبوون دەبەستێت، کەبەشێوەیەکی سەرەکی هەموو سنوورەکانی بنەما مێژوویەکەی خۆی یاخود دووتوێ ڕۆشنبیریەکەی تێدەپەڕێنێت (غادامیر، 2007. ل37). لەراستیدا هارمۆنەتیزەکردن یارمەتیدەرەبۆئەوەی بەشێوەیەکی مە عریفی و لەدەرەوەی دوالیزمی (بنەماو ئامانجەکان) لەمێژوو تێبگەین، دوور لەپلانی خواوەندەکان، کەوا دەکا دواڕۆژ تەنیا درێژکردنە وەیەك بێت بۆ رابردووێك کەهەمیشەئامادەی هەیە، دەبێت لەرووی بەهاکانەوەدرك بەمێژوو بکەین، لەسەر مێژوونووسەکان پێویستەکەپێچەوانەی ئەمەبن، کەدەشێ لەبارترین مێژوو ئەو کاتەلەجیاتی کرۆنۆلۆژیا ببێتەجوگرافیا، کەئەمەش پیادەکردنێکی ئاستە نگەو پێویستی بەبابەتی بوونێکی وجودی هەیەبەر لەبابەت بوونێکی مەعریفی، ئەو کاتەمێژوونووس لەبوونەورێکی مێژوویی دەبێتە بوونەوەرێکی وجودی، ئەو مرۆڤەنابێت مێژوو بکاتەتاکەقالبی خۆی، بەڵکو دەبێت ببێتەهەوێرێکی نەرم بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی لەبن نەهاتوو لەقالبەکان، ئەوکاتەمێژوو دەبێتەهونەرو مێژوونووسیش دەبێتەهونەرمەند، لەبەرئەوەی لەتوانای دەبێت خۆی رزگار

بکات لە(خودێکی باڵا- انا الاعلی) و راستەقینەیە، بەو پێیەی کەئامانجی ژیانە، خۆی ژیان دروست بکات، بەو پێیەی کەئامانجی راستەقینەیە(جامی:http://mominoun. com) ، بۆیەپێویستەهەمیشەبەچاوێکی نوێوەسەیری مێژوو بکەین، پێناسەکردنی نوێگە رایی بەو پێیەی قۆناغێکە(حقبەیەکە)بەشێوەیەك کە(بوونی نوێ) بەهای بنەڕەتی، نەك پێناسەکەنوێگەرایی بتوانێت خۆی پێ پێناسە بکات، ماهیەتی نوێ بوون نابینرێت تەنیا لەو چرکەیەدا نەبێت، بەو واتایەی هەمیشەپێویستی بەروونکردنەوەهەیە، بەشێوەیەك کە میکانیزمی نوێگەرایی دەخاتەدووری مەودایەك لەئێمە، ئەمەش بۆ ئەو دۆخەدەدۆزینەوەدوور لەوەی(گیهلن) دەربارەی هەڵوەشانە وەی چەمکی پێشکەوتن و بەتاڵکردنەوەی بەبواری تەکنیکی- زانستی وپیشەسازی و هەروەها بەبواری هونەریشدا دەیڵێت. دەشێ ئارەزووی هەڵوەشانەوەبەو داکەوتەیە(واقعە) ببەستینەوەکە(گیهلن)، رووبی دەکاتەوە:مەرجی کۆتایی کەپۆتۆپیاکانی دواڕۆژ هەوڵی بۆ دا قووڵترە، وەك ئەوەی چۆن ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕیەکان هەوڵیان بۆدا، تایبەتمەندی رووبن بەدیاردەکەون بۆ بێلایەن بوونی مێژوو، (an-historicite)، کەلەوێدا خەڵك بەراستی هەوڵدەدەن مرۆڤێکی نوێ بێننەدی، هاوکات پەیوەندیەکانیش لەگەڵ مێژوودا دەگۆڕێت، شۆڕشگێڕەفەرەنسیەکان ساڵی (1793) کردەساڵی -1-، واتەساڵی یەکەمی سەردەمی نوێ، (گیهلن) ئەو تایبەتمەندیە مێژووییەبەشێوەیەکی رووبنتر لەپۆتۆپیایەکی دیاری سەردەمەکەدەبینێت، ئەوەی کە(سیباستیان مرسیە) لەنووسینەکەیدا لەساڵی (1770)بەناونیشانی ساڵ (2240) نووسی، جیهانی ئایندەلای مرسیەجیهانێکی چاکەکانی رووسۆیی و دەست گرتنەوەیە، جیهانی قە رزکردن بەهەموو شێوەبانکیەکانی.. . هتد، پارەدان تەنیا دەبێت بەشێوەیەکی کاش بێت، زمانەکلاسیکیەکان ناگوترێنەوەکەخزمەتی چاکەخوازیناکات، وەك رەتکردنەوەی قەرزی بانکی وزمانەکلاسیکیەکان و دروشمی گەڕاندنەوەی بوون زیاتر بۆ ئێستاو دوورکەوتنە وەرەتکردنەوەی رەهەندی مێژوویی (ڤاتیمو، 1998. ل118-119).

باسی سێیەم

میتۆدەکانی راڤەکردنی مێژوو

میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی پشت بەشیکردنەوەی دۆکیومێنتەمێژووییەکان دەبەستێت، و بەجیا ئاماژەبۆ هەر دۆکیومێنتێك دە کات، دۆکیومێنت شتێکەکەلەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بوونی هەیە، شتێکەکەسیمایەکی تایبەت بەخۆی هەیەو مێژوونووس بیری لێدەکاتەوەو پەنای بۆ دەبات بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەپەیوەندیان بەرووداوەکانی رابردووەوەهەیە(کولنجوود، 1968. ل 43). کەواتەپڕۆسەی پشکنین و شیکردنەوەیەکی ورد بۆ دۆسیەکانی رابردوو و پاشماوەکانی پێی دەگوترێت(میتۆدی مێژوویی(historical method) سەرلەنوێ بیناکردنەوەیەکی وێناکاریانەی رابردووش لەپوختەی راستەقینەکاندایە، بەو رێگایەپێی دە گوترێت نووسینی مێژوویی(historiography) ، کەلەرێگای میتۆدی مێژوویی و نووسینەوەی مێژوویی، مێژوونووس هەوڵدەدات بە گوێرەی تواناکانی بەردەستی، وێنەی رابردووی مرۆڤ بکێشێت, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوونووس هەمیشەهەست دەکات کەلەو توانایەسنووردارەشدا، دەستی بەتەواوی کراوەنیە، کەم جار دەتوانێت چیرۆکی بەشێك لەو رابردووەبگێڕێتەوە(وەك ئەوەی لەراستە قینەدا رووبداوە)،. . . بۆیەلەسەر مێژوونووس پێویستەلەو دۆسیانەی کەبەراستی لەرابردووەوەبۆی ماوەتەوەدڵنیابێت، ئەو واقعەکە نیشانی دەدات، ئەندێشەی بەرەو ئەو ئاڕاستەیەدەبات کەمێژوو سەرلەنوێ بژێنێتەوەنەك سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە، ئەمەش ئەو سنوورەیە، کەمێژوو لەشیعرو چیرۆکی ئەندێشەیی و دراماو وەهەم جیا دەکاتەوە، هەندێکجار دۆکیومێنتی راستەقینەهەیەبۆ فریودانی هاوچەرخەکانیان بەکاردەهێنرێت (جوتشلك، 1966. ل 63-64). هەندێك لەتوێژەران وایدەبینن کەمیتۆدی بەراوردکاری تاکەستراتیژیەتەکەمیژوو هەموو زانستەمرۆڤایەتیەکانی تر بیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەراستەقینەکان، بۆ نمونەئەو مێژوونووسانەی کە ئارەزوو دەکەن جەخت بکەنەسەر هۆزەکانی(نویر) لەچوارچێوەیەکی فراوانتری توێژینەوەلەگەلانی (نیللی)، یاخود لەبۆسنەلەچاخە ناوەڕاستەکاندا، هەروەها لەسەر ستایلی رەفتارەکانی سەردەمی رینیسانس لەئەوروپا، بەراورد کردن لەنێوان مێژووی ئەو نەتەوانەلە قۆناغێکی دیاریکراودا، یارمەتیدەرێکی گونجاوەبۆ شیکردنەوەیەکی وردتری مێژوو، لەپاڵ ئەمەشدا دەشێت کەشوێنێکی تر بۆ ستایلی پرسیارکردن هەبێت، کەنەتوێژینەوەی چڕو نەبەراوردکاری میتۆدی دەگرێتەوە، بەڵکو تێرامانێکی گشتی لەچیرۆکی مرۆڤایەتیەوەلە خۆوەدەگرێت، بۆ وێنە(زانستی مرۆڤی فەلسەفی)وەك ئەوەی هابرماس پیادەی کرد، ناوێکی ئەگەرکراوەبۆ ئێرە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتێك بڵێت دەربارەی جیاوازی لەنێوان جۆرەدیاریکراوەکانی کۆمەڵگا، یاخود بەشێوەیەکی گشتی بوونی ئەو ناکۆکیانەزامن بکات، لەراستەقینەدا هیچ ئەلتەرناتیڤێك بۆ بەراوردکاریەمیتۆدیەکان نیە(غودی، 2010. ل241). لەپاڵ ئەمەدا، دیارەئە نترۆپۆلۆژیاش هاوبەشی لەپێشکەوتنی شیکردنەوەی مێژوویی کردووە، ئەمەش لەرێگای شیکردنەوەی پێشکەوتنەکانی ئادەمیزاد، روونکردنەوەی لایەنەلەیەك چوو جیاوازەکان لەژیانی ئادەمیزاد دا، بۆیەدەبینین، کەچیتر باوی ئەوەنەما کەمێژوونووس تەنیا بایەخ بەروودواوەدەگمەنەکان بدات، وەك جەنگەکان بۆ نمونە، بەڵکو پێویستەبەشێوەیەکی گشتی و لەهەموو وردەکاریەکانیدا، لەشتە

بچووك و گشتگیرەکانیدا، هەوڵی چارەسەکردنی شارستایەتی مرۆڤ بدات. لەم بارەیەوەتوێژینەوەکانی تایلۆر مۆرگان(Tylor) Morganهی تریش پێیان لەسەر یەکیەتی ئاوەزی ئادەمیزاد داگرت، پێیان وابوو کەجیاوازی لەنێوان ئادەمیزادو دیاردەکانی شارستانیەتیەکانیان، تەنیا بەرئەنجامی جیاوازی کاودانی جوگرافیای گشتیە، کەئەمەگەشەسەندن و پێشکەوتنی لەهەندێك ژینگەدا دروست کردووەو لەهەندێك ژینگەی تردا پووچەڵی کردۆتەوەیاخود لەسەرەخۆی کردووە(السعیدی: www. aljabriabed. ne).

لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا چوارتیووری بنەڕەتی کرۆنۆلۆژی، ئەفسانەی بابەتی بوونیان رەتکردەوە، لەنێویاندا لایەنگرانی (رانکە) و (هیگل) و (نیچەو (کرۆچە) کەئەوانەوایان دەبینی کەوا راڤەکردنی رووحی کرۆنۆلۆژیە، هەریەکەیان هەوڵیدا کەوا کە پۆلینکردنێك بۆ جۆرەکانی بکات، بۆنمونە(هیگل) جیاوازی ەلنێوان چوار جۆر لەراڤەکردن کرد، راڤەکردنی جیهانی، راڤەکردنی رە خنەگرانە، راڤەکردنی چەمکی و راڤەکردنی کرداری، درۆیسن(Droysen) لەساڵی(1860) نووسی، لەنووسینەوەی مێژوویدا چوار جۆر ستراتیژی بۆ راڤەکردن هەیە، سۆنگەیی، مەرجدار، دەروونی، رەگەزی. (نیچە) چوار شێوازی دیاریکرد بۆ نوێنەرایەتیکردنی مێژوویی، دیارو بەرچاو(بارز)، رەخنەگرانە، کۆن، سوپەر هیستۆریکەل، لەکۆتایدا (کرۆچە) پێگەی فەلسەفی باسکرد بۆ تێگەیشتن لە دۆسیەی مێژوویی، ئایدیالی، پۆزەتیڤیستی، رۆمانسی، رەخنەئامێز(STRATHERN:www. townsendgroups. berkeley. edu). لە لایەنی تێگەیشتنەوەمێژوونووسەفەرەنسیەکان ئەوانەکەدژەمیتودی پۆزەتیڤیستی بوون وەك (ریمون ارون) و (هنری مارو) کەکە وتبوونەژێر کاریگەری هەندێك لەکۆمەڵناسەئەڵمانەکان، هاوکات هەندێك لەو مێژوونووسەئینگلیزانەش کەکەوتبوونەژێر کاریگەری (کولینیوود)، پێ لەسەر دوو تایبەتمەندی میتۆدی مێژوویی دادەگرن، بەو پێیەی کەوا یەکەم : پشت بەکردارەکانی مرۆڤ دەبەستێت کەنیازەکان و دنیا بینیەکان و هاندانەکان حوکمی دەکەن، تێگەیشتنەکەیان دەبێت لەسەر پەیوەندیکردنێکەوە، یاخود شیکردنەوەیەکە وەبونیاد بێت کەلەنیازو هاندانەکانی خەڵکانی تردووبچێت، کەلەژیانی رۆژانەیاندا تێبیدەگەن، بەگوێرەی ئەو بەڵگەیەمێژوو جگەلە درێژکراوەی تێگەیشتن لەخەڵکانی تر زیاتر نیە! بەڵگەی دووەم، بەبێ زانینی بابەتی رووداوەکانی سروشت هەرگیز ناتوانین لە رووداوەکانی مرۆڤ تێبگەین، بەزاراوەیەکی جیاوازتر بەبێ هاوبەشی کردنی مێژوونووس و خودەکەی مێژوونووس ناتوانین لەمێژوو تێبگەین، ، (کولینیود) لەکتێبەکیدا (بیرۆکەی مێژوو) پێشنیاری ئەوەدەکات کەبەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانەبکرێت کەدیوی دەرە وەو دیوی ناوەوەیان هەیە، دیوی دەرەوەلەبەرئەوەی لەجیهاندا رووەدات، دیوی ناوەوەش لەبەرئەوەی بیرۆکەیەك دەردەبڕێت، کەواتەبەواتای فراوانی وشەکە، کرداری یەکگرتنی هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی رووداوە، لەلایەکی تر مێژوو هەڵدەستێت بەسە رلەنوێ چالاك کردنەوە، یاخود سەرلەنوێ بیرکردنەوە، سەرلەنوێ بیرکردنەوەلەهزری رابردوو لەرێگای هزری ئێستای مێژوونووسەوە ، بەشێوەیەکی سادەئەمەپێگەی تێگەیشتنەلەمێژوو، کەلەبنەڕەتدا جیاوازی نیەلەپێگەی تێگەیشتن لەتیووری دەق و تیووری کردار (ریکور، 2001. ل135-136).

گرنگترین ئەستوندەمیتۆدی و تیوریەکانی کەوتاری مێژوویی ئەمڕۆدا پێکدەهێنێت بریتیەلە:

1- وەرچەرخانەوەی بنەڕەتی لەنووسینی مێژوویی خۆی لەچەسپاندنی وێناکردنێکی نوێ بۆ (رووداوی) مێژوویی دەبینێتەوە، کەچیتر مێژوونووس نایەوێت ئەو واقع ئەزموونی بەوردەکاری و زیندویەتی خۆیەوەبگەڕێنێتەوە، ئەپستمۆلۆژیای مێژووی نوێ، پێ لەسەر ئەوەدادەگرێت کەواقعی مێژوویی، واقعێکەلەرێگای وێناکردن و پیادەکرنێکی تیووری-میتۆدیەوەدێتەدی، کەمێژوونووس دایدەنێت و پێشکەشی دەکات، بەمەبەستی بەئاوەزکردنی ئەو دیاردەیەی کەدەیەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات. سەرباری ئەمەتێکشکاندنی خودی چەمکی (رووداوی مێژوویی)، کەبەتەنیا خۆی لەوەقایعەسیاسی و سەربازیکان دەبینیەوەو پێشتر مێژوونووسانی کرۆنۆلۆژی بایەخیان پێدەدا، بیرۆکەی (نەبوونی بابەتێك بۆ مێژوو) بەزەقی لەوەدا بەدیار دەکەوێت کەپێی دەگوترێت (مێژووی بێ رووداو)، کە هیچ بابەتێك کەسروشتی بێت یا ئادەمی ناگرێتەخۆی، ئەگەر بێتوو پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی خەڵکەوەنەبێت، بێگومان کارە مێژوویەکانی فۆکۆ دەکەونەئەو چوارچێوەیەنوێیەوە، بەوەی هەندێك رووداوو وەقایعی هەڵبژاردووە، کەنوێن لای مێژوونووسان وەك_شێتیەتی، زیندان، ئارەزوو.

2- ئەو رەخنەیەکلاییکەرەوەی کەلەچەمکی(رووداوی مێژوویی) و یەکیەتیەکەی و مەتاتیەتەکەی گیرا، تیوری تەقلیدی سادەکردنەوەی (نووسینی مێژوویی) تێکشکاند، کەچیتر وەك تۆمارکردنێکی راستگۆیانەو راستەوخۆی رووداوەکانی رابردوو نەمایەوە، راستەمێژوو گێڕانەوەیە، بەڵام پێویستی بەئامادەکاریەکی تیووری و ئاسۆیەکی وێناکاری هەیە، ئەگەرچی بنەما چەمکیەکەی لەئارادا نیەو هەست بەخودی خۆی ناکات. ئەمڕۆ مێژوو، رێسایەك زیاتر لەوەی پێی دەگوترێت (زانستەمرۆڤایەتیەکان)، کەخەریکەبانگەشەی زانست بوونەکەی لەدەست دەدا، بۆئەوەی شێوەکانی هارمۆنەتیزەکردنی پێویست بۆئەو دیاردانەدابین بکات کەلەمێژوودا رۆدەچن، مێژوونووس ناتوانێت دەست بەردار ی ئەو نمونەچەمکیانەبێت کەبەرهەمی مامەڵەکردنێکەلەگەڵ رووداوەتاکیەکان.. .

3-شۆڕشی نوێ لەبواری مێژوودا روانگەی سادەکراوی پۆزەتیڤیستەکانی تێکشکاند کەمێژووی دەکردەزانستێك بۆ یاساکان و پڕەنسیپ چەسپاوەکانی پیادەکردنەکانی ئادەمیزاد، کەتەواو بوونی خۆی لەپێوەرەمارکسیەکان و زەمەنەخەتیەکانیدا دەبینێتەوە. وێناکردنی نوێ بۆ مێژوو، یەکیەتی زەمەن و گەیاندن بوونی تێکشکاندو ئەوەی رووندکردەوە، کەئەو مۆرکی جیاوازبو جیاخوازی پێوەیە، کەواتەهیچ بواریّك بۆ زانستی وەقایعی مێژوو نامێنێتەوەئەگەر زانستەئەزموونگەریەکان وەکو نمونەیەك بۆ خۆی وەربگرێت.

4-روانگەی نوێی مێژوویی لەسەر خاشاکی پاشخانی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ چەمکی مێژوویی گشتگیر دەوەستێت، وەك دۆسیەیەك بۆ(ئەو رووداوانەی کەمرۆڤ دروستی کردووە)، چیتر رووداوی مێژوویی لەئەزموونی مرۆڤەوەکورت نەکرایەوە، کەدەرکەوت هەندێك دیاریکردنی نا هەستیانەدیاری دەکات، هەستی راستەوخۆ تێدەپەڕێنێت،. . .

5- سەرلەنوێ چاوخشێنرایەوەبە(پێگەی راستەقینەلەمێژوو) چیتر لەگەڵ ئەو ویستەرەهایەنەگونجا رێڕەوی مێژوو دەبزوێنێت، هە رووەها وتاری مێژوویی بانگەشەی ئەوەناکات، کەراستەقینەی بنەڕەتی رووداوەکان وەك ئەوەی کەرووییانداوەدەگەڕێنێتەوە، ئەو تەنیا (راستەقینەیەکی لایەندارییە)، بەرهەمی بینای واقعی پیادەکردنێکی میتۆدیانەدیاری دەکات (ولداباه، 1994. ل38-39).

بەشی دووەم

راڤەکردن و راستەقینەو ساختەکردنی مێژوو

باسی یەکەم

راڤەکردن و شیکردنەوەو راستەقینەی مێژوویی

کاتێك باس لەراستەقینەی مێژوویی دەکەین، پێویستەبزانین مەبەستمان لەراستەقینەچیە؟! ئەو وشەباشەی تا ئەو رادەیەماندوو کراوە، لەهەموو واتایەك پووچەڵ کراوەتەوە، واتە(راستەقینە)، (واتای راستەقینە)خۆی بگەیەنێت! واتای چیەکەشتێك راستەقینە بێت؟ بۆ نمونەدەڵێین :" خۆشیەکی راستەقینەیەکەمرۆڤ بەشداری بکات لەسەرکەوتنی ئەو ئەرکە"، لەمەدا مەبەستمان ئەوەیەکە خۆشیەکی پوخت و واقعیە، کەواتەراستەقینەمەبەست ریالیستی بوونە، بەو واتایەئێمەدەربارەی زێڕی راستەقینەدەدوێین و جیای دەکەینەوەلەزێڕی ساختە، زێڕەساختەکەریالیست و کرداری نیە، ئەگەرچی لەرووکەشیشدا وەك زێڕ دەردەکەوێت بەڵام زێڕ نیەو تە نیا رووەکەشەکەیەتی، ناریالیستیش، هەمیشەوا دەردەکەوێت کەپێچەوانەی واقعیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت کانزایەکی ئاوزێڕکراویش شتێکی ریالیستیە، بۆیەبەروونی دەڵێن زێڕی راستەقینەزێڕی رەسەنە(الاصلی)، بەڵام هەردووکیان ریالیستین، کەواتەزێڕەرەسەنەکە لەکانزا ئاوزێڕ کراوەکە، کەمتر یاخود زیاتر ریالیستی نیە، لەم روانگەیەوەزێڕەرەسەنەکەناتوانێت دابینکردنی خۆی لەریالیستی بوونە کەبدۆزێتەوە، لێرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات، واتای چیەکەشتێك رەسەن بێت و راستەقینەبێت،. . . راستەقینەئەگەر شتێك بێت یاخود حوکمێك بێت، لەگەڵیدا گونجاوەو دەقاو دەق وەکو یەکە، راستەقینەو شتێکی راستەقینە، واتای سازانە، ئەمەش بە رێگایەکی دوو لایەنەوە، یەکەمیان دەقاودەق بوون لەنێوان شتەکەو وێناکردنەکەی ئێمەدەربارەی شتەکە، پاشان لەنێوان شتەکەو ئە و واتایەی کەوتەکەدەیگەیەنێت (هیدجر، المرکز الثقافی العربی. ل11-12). لەراستیدا مێژوو هەوڵێکی بەردەوامەلەگەڕان بەدوای خود، مرۆڤ لەهەموو کایەکانی پڕۆسەی توێژینەوەو هزرکردنەوەدا، بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کەپێی دەگوترێت راستەقینە، لەبەرئە وەی شێوازی هزرکردنەوەو گەڕان بەدوای راستەقینەدا لەژینگەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی بەردەوام لەگۆڕاندایە، بۆچوون و تێگە یشتن لەچەمکی راستەقینەهەمیشەلەنوێبوونەوەدایەو مۆرکی قۆناغەکەی خۆی وەردەگرێت، بۆیەسەیرکردن و روانین لەراستەقینە لەهەموو سەردەمەکاندا وەکو یەك نیە. دیارەکەتوێژینەوەلەبواری مێژوویشدا، بەشێکەلەگەڕان بەدوای راستەقینە، سەرەتا راستە قینەی مێژوویی لەسەر ئەو ئەو بیرۆکەیەبەند بوو کەخوا راستەقینەیەو راستەقینەش شتێکی خواییە، ئەمەش وایدەکرد کەبگوترێت (خوا ئاوەزەو ئاوەزیش شتەکان بەئاوەز دەکات)، ئەو ئاوەزەشەکەنەخشەی مێژوو دادەڕێژێت، بەڵام هەندێك هزرمەند، لەوانەش (نیچە) ویستی خواوەندو رەهەندەکانی لەکاریگەریکردن لەسەر رێڕەوی مێژوو رەتکردەوە(مراد: www. aljabriabed. net).

راڤەکردنەمێژووییەکان، راستەقینەکان لەرێگای پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتردا شیدەکاتەوە، هەوڵدەدات لەرێگای بەرزرکردنەوەی خاڵەلەیەك چوو جیاوازەکان کەپەیوەندیان بەیەکەوەهەیەراستەقینەکان شیکاتەوە، خاڵی گرنگ ئەوەیەکەراستەقینەکان لەئەنجامی پەیوەندیەکانیان بەراستەقینەکانی تر سیمایەکی تایبەت وەردەگرن، لەرێگای پێشکەشکردنی راستەقینەکان وەك داکەوتەیەك کەپێگە ی خۆی لەشوێن و زەمەندا دیاریکردووە، بۆیەشیکردنەوەکان بەتەنیا سروشتی راستەقینەکان دەرناخەن بەڵکو سیمای راستەقینە کانیش نیشان دەدەن، لەمەش زیاتر دەبێتەرێبەری بڕیاردانەکان، لەوەی کەراستەقینەکەپێکدەهێنێت، لەبەرەئەوەی هیچ تێبینیەك نییە، کەبەتەواوی پوخت بێت، لەرێگای کەرتەکانی کەسایەتیەدیاریکراوەکانی راستەقینەکان، و لەرێگای راڤەکردنەکانەوەتێبینیەکان ئاوێتەی یەکتر دەکرێن، بۆیەئێمەناتوانین بەئاسانی بڵێین کەئەم یاخود ئەو راڤەکردنەلەگەڵ راستەقینەکان ناگونجێت، لەجیاتی ئەمە

پێویستەبەراورد لەنێوان کۆمەڵێك راڤەکردن بکەین کەسەرکەوتنی بەدەست هێناوەلەبەکتربەستنەوەی راستەقینەکان بەیەکترەوە، لە ریگای تیشك خستنەسەر ئەو لایەنەجیاوازو لەیەك چووانەی، کەپەیوەندیان بەبابەتەکەوەهەیە، بنەمای ئەو بەراوردکاریەش ئەو روانگەرکابەرانەیە، کەلەنێوان مێژوونووسەکاتندا هەیە، بابەتی بوونی مێژوویی داوای ئەو بەراوردکردنەدەکات و رەخنەلەتۆڕەرکابەرە کان بۆ راڤەکردنی داکەوتەکان دەگرێت. (Bevir, 2010. p. 335).

راستەقینەی مێژوو هەواڵی کۆبوونەوەی مرۆڤەکانە، کەشارستانیەتی جیهان و سروشتی ئەو شارستانەنیەتەرووبەرووی دەبێتەوەلە کاودانەکانی هۆڤیگەری و رام بوون و عەسەبیات و جۆرەکانی سەرکەوتنی مرۆڤەکان بەسەر یەکتر، ئەوەی لەئەنجامی ئەمەشدا دروست دەبێت وەك پاشایەتی و دەوڵەتەکان و رێزبەندیەکانی تر، ئەوەی مرۆڤەکان بەکارەکانیان و هەوڵەکانیان بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیان و زانستەکان و پیشەسازیەکان و هەموو ئەو شتانەی کەسروشتی کاودانەکەلەشارستانیەتەکەروودەدەن هەڵگرتووە(ابن خلدون، 2004. ل125). بۆیەدەتوانین بابەتی بوونی مێژوویی بەراستەقینەببەستینەوە، بەو توانایەی ببەستینەوە، کەهەمانەبۆ دۆزینە وەی رێگای خۆمان لەچواردەوری جیهان و سەلماندنی وێناکردنەکانی خۆمان، لێرەدا مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی رەنگی سروشت هە لێدەگرێت و شوێنی ئێمەدەبێت لەسیستەمی سروشتی شتەکان، ئەوەی کەیارمەتیمان دەدات بۆئەوەی مامەڵەلەگەڵ مەعریفەمان بکە ین وەك ئەوەی نزیك بێت لەراستەقینەوە، سەرباری ئەمەش تیبوری مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازەلەمە عریفەی سروشتی(Bevir, 2010. P. 342) . بەکورتی راستەقینەی مێژوویی لەبنەڕەتدا وەك داتایەك لەلایەن مێژوونووسەوەپێکدە هێنرێت، پێویستەبۆ جاری دووەم پێکبهێنرێتەوەوەك ئامرازێك بۆ بونیاتێکی زارەکی کەهەمیشەبۆ مەستێکی دیاریکراو دەنووسرێتە وە، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەلەروانگەی (شتراوس) ەوەمێژوو هەرگیز مێژوویکی سادەنیە، بەڵکو هەمیشەمێژوو بۆ _شتێکە)، مێژوو لەبەرژەوەندی هەندێك ئامانجی خوار زانستەوەدەنووسرێتەوە، (شتراوس)پێشنیاری ئەوەدەکات کەلایەنی راڤەکردنی مێژوو بەتایبەتمەندی خۆی سروشتێکی ئەفسانەیی هەیە(White, 2013. P. 288). بەڵام ئەوەی کەنووسینەوەی مێژوو لەگێڕانەوەی خەیاڵی جوێدەکاتەوە، ئەوەیەکەمێژوو لەپرۆسەی گێڕانەوەدا بەدوای راستەقینەدادەگەڕێت، بەپێوەری راستەقینەمێژوو لەشێوەی مەعریفەی زانستی نزیك دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو مەعریفەی رووداوەکانەواتەداکەوتەکانە(وقائع) ەکانە، لەکاتێکدا زانست مەعریفەی ئەو یاسایانەیەکەحوکمی داکەوتە(واقع) دەکات، جوێکاری راست ناگەڕێتەوەبۆ داکەوتە، بەڵکو بۆ دوو شێوەی جیاواز لەمەعریفە :"مەعریفەی مێژوویی کەکۆمەڵێك داکەوتەیە، مەعریفەی زانست، کەمەعریفەی یاساکانە"، بەم چەشنەناتوانرێت مێژوو لەهیچ زانستێکدا چڕ بکرێتەوە، هەروەها زانستێك نیەبۆ مێژوو کەبێتەبزوێنەری مێژوو، بەڵکو وەك (فاین) دەڵێ:" گۆڕانکاری ستراتیژی هەیەجیاواز دەبێت بەجیاوازی دووتوێکان(سیاق)، مێژوو وەك ئەوەی رووەدات و وەك ئەوەی دەنووسرێتەوەکاری (مکوڕبوونە) نەك کاری (زانست)، بەڵام رەتکردنەوەی مۆرکی زانست بوون بۆ مێژوو ئەوەناگەیەنێت کەکەمێژوو چالاکیەکی تیووری نیەو پێویستی بەوردبوونەوەنیەلەدارشتنەکەی و ئەحکامەکانی میتۆددا، لەبەرئەوەی تێگەیشتن لەداکەوتەکان کارێکی هەڕەمەکی و راستە وخۆ نیە، چونکەلەبنەڕەتدا کۆمەڵگاکانی مرۆڤ مەتاتیەتیان تێدانیە(ولداباه، 1994. ل34-35)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی پێشکەوتن رێگا بەوەدەدات کەسەرلەنوێ سەیری رابردوو بکەینەوە، بەرێگایەکی تر و لەرێگای ئەو چەمکەوەئەو گەشەسەندنەبەردە وامەبناسین، کەبەسەر زانستدا دێت، بەوەرازی بین کەپێشکەوتنەکەی مرۆڤ واتایەك و ئاڕاستەیەك لەخۆوەدەگرێت، کەبەشێوەیە کی پێچەوانەسەرهەڵدەدەن، بەبۆچوونی(ڤۆنتۆنیل -Fonetenell) سیستەمێك هەیەکەپێشکەوتنەکان سست دەکاتەوە، هیچ مە عریفەیەك گەشەناکات ناکات ئەگەر مەعریفەی تر بەرلەو گەشەنەکات (کاریلو، 2001. ل60).

وەك ئاماژەی پێکرا، لەماوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا، مێژوو کار لەسەر گەڕان بەدوای راستەقینەیەکی پتەو دەکات، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەحکامی تەندروست، بەشێوەیەك بەپشت بەستن بەداکەوتەبەرجەستەکراوەکان کەلەرووی زەمەنەوەیاخود پلەلەپێش ئەودان هەڵدەستێت بەراڤەکردنی داکەوتەبینراوەکان، شتی بینراو بەشاراوەو شتی زانراو بەشتی گوم بوو راڤەناکات، لێرەدا دەبینین (هیردر) لە(کانت) نزیك دەبێتەوەلەوەی، کەجیاکردنەوەیەکی یەکلایی کەرەوانە، لەنێوان دیاردەی زانراو بەرجەستەکراو لەگەڵ شتە کان لەخودی خۆیاندا دەکات، چونکەهەموو دیاردەیەك رێسایەکی هەیەلەسەری دەوەستێت یاخود یاسایەکی هەیەبەڕێوەی دەبات، بەڵام ئەودیاردەیەبینراوەو زانراوە، بۆیەناتوانین فەرمانی هێزی شاراوەو میتافیزیکی بخرێتەپاڵ دیاردەی جولانەوەمرۆڤایەتیەکان،. . . کەواتەزۆر گرنگەکەمێژوونووس درك بەتایبەتمەندیەکانی دیاردەمێژووییەکان بکات، وەك ئەوەی کەبینراو زانراون و پێیانەوەپابەند بێت و خۆی دوور بخاتەوەلەئەندێشەو حەزەکەسیەکان، پێویستە" تەنیا سەیری ئەو شتانەبکات کەلەئارادایە، کانێك درك بەکرۆکی بابەتەکەی دەکات، لەزۆربەی کاتدا تێبینی ئەوەدەکات، کەچۆن ئەو شتەی ناتوانێت ببێت، شێوەیەك وەردەگرێت کەپێشتر لەسەری نەبووە". ئەو وانەیەی (هیردر)، پابەند بوونەبەوەی کەلەئارادایە، لەبەرئەوەی ئەو لەئارادا بووە(دیاردەو رووداو وێنە) ناتوانێت بە شێوەیەکی ئەفسووناوی وسوریالی ببێتەشتێکی تر، وەك چۆن یاسای گەردوونی لەسروشتدا هەیەبەهەمان شێوەلەگەردوونیشدا هە

یە، ئەو سەرپەرشتی ئەو رێکخراوبوون و هەماهەنگیەنێواخنیەدەکات لەهەموو چرکەیەک و کەرت بوونێک لەبووندا هەیە((الزین:www. mominoun. com).

لەراستیدا گەڕان بەدوای راستەقینەلەئەنجامی لەدایک بوون گومان لەدایک دەبێت لەو شتانەی کەلەبەردەستان و بە ئاسانی دەبینرێن، گومانی مێژوونووس لەدوو زنجیرەپرسیاری بنەڕەتی چڕ دەکرێتەوە، بۆئەوەی بگەینەراستەقینەمێژوویەکان هەر دەبێت وەڵامیان بدەینەوە، زنجیرەی یەکەم پەیوەندی بەڕای ئەو کەسەوەهەیەکەبابەتەکەدەگێڕێتەوە، چونکەلەوانەیەراستیەکان بە لارێ بەری و هەڵەکان بڕازێنێتەوە! بۆیەلەو حالەتەدا مێژوونووس پێویستەدەربارەی چەند بابەتێک پرسیار بکات، لەوانە:

1- ئایا ئەو کەسەی بابەتەکەدەگێڕێتەوەهیچ بەرژەوەندیەکی لەو گێڕانەوەیەدا هەیە؟ ئایا بابەتەکەی دەڕازێنێتەوەو درۆدەکات بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتەدەرئەنجامێک؟

2- ئایا ئەو کەسەکەوتوێژێر دۆخێکی ناهەموارو ناچارکراوەدرۆ رێکبخات و راستەقینەکان بشێوێنێت؟

3- ئایا لا یەنگری کەسانێک، یاخود رووبەرووی چین و توێژێکی دیاریکراو بۆتەوەبۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نیازدار، یاخود بەبێئە وەی نیازی هەبووبێت، لایەنگری لایەنێکیان بکات دژی لایەنەکەی تر؟

4- ئایا تا ئەو رادەیەبەخ و لەخۆبایی بووە، تا لەبەر لووت بەرزیەکەی ناڕاستی بڵێت و خۆی لەراستەقینەببوێرێت و دوور بخاتەوە؟

5- ئایا هەوڵی داوەمێچکەمێچکەبۆ جەماوەر بکات، بۆئەوەی دڵیان رابگرێت خۆیان لێ نزیک بکاتەوە؟

ئەوەی کەمێژوونووسی ورد چاودێری دەکات و فەرامۆشی ناکات چاوی لێ ناپۆشێت شێوازی داڕشتنی ئەدەبیەلەگێڕانەوەدا، لەبەرئە وەی ئەدەب هونەرەو پێویست بەوەناکات خاوەنەکەی بگاتەراستەقینەبەڵکو چۆنی دەوێت ئاوا دەیگێڕێتەوە(رستم، 2002. ل73-77)، هەرچی مێژووەبەپێچەوانەوە، هەمیشەلەگەڕان بەدوای راستەقینەدایە، زنجیرەپرسیاری دووەم کەمێژوونووسان دەستی پێوە دەگرن ئەوەیەکە:

1- ئایا ئەو کەسەی بابەتەکەدەگێڕێتەوەخاوەنی هەستێکی تەندروست و ئاوەزێکی راست بووە؟

2- ئایا هەموو مەرجەکانی بینینی زانستی تێدا بووە؟

3- ئایا کەسێکی تەمبەڵ و کەمتەرخەم بووە؟ چونکەهەندێک راستەقینەهەیەلەتوانایدایە، کەبیبینێت و تێی بگات، بەڵام ئەو ئەرکەناخاتەسەر شانی و لەزمانی کەسانی ترەوەدەیگێڕێتەوە؟

4- ئایا ئەو شتانەی، کەبەتەنیا بەکرداری بینین، گێڕانەوەکەی تەواو نابێت، بۆ نمونەهەندێگ شت هەیەوەکو داب و نەریتی گەلان، ناتوانیت تەنیا لەزمانی یەک کەسەوەبگەیتەراستەقینەو ناشتوانیت هەموو خەڵک کۆبکەیتەوە(رستم، 2002. ل78).

کەواتەتەنیا دوو رێگامان هەیەبۆ گەڕان بەدوای راستەقینەو ئاشکراکردنی، یەکەمیان لەهەستەکان و کەرتەکانەوە(الجزویات) یەوەباز دەدات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کەهەرەگشتگیرن، دواتر لەو پرەنسیپانەوەدەست پێدەکات، بۆئەوەی بڕیار لەسەر پرەنسیپەکانی نێوە ڕاست بدات و ئاشکرایان بکات، ئەمەئەورێگایەیە، کەدان بەراستگۆیی نراوەو ئێستا بکاردەهێنرێت، رێگای دووەم، پرەنسیپەکان لە هەستەکان و کەرتەکانەوەوەردەگرێت پاشان بەشێوەیکی پلەبەندی(تدریجی) بەرز دەبێـەوەو گەشەدەکات، تا لەکۆتاییدا دەگاتەپرە نسیپەهەرەگشتگیرەکان، کەئەمەش رێگا راستەکەیەو تا ئێستا هیچ کەسێک تاقی نەکردۆتەوە(بیکون، 2013. ل22). تێگەیشتن لەواتا راستەقینەکانی دەربڕینەتەم و مژاویەکان لەبنەماکانی مێژوودا، لەگرنگترین ئەرکەکانی رەخنەی شیکاری پۆزەتیڤانەیە، چەند رێگایە ک هەیەبۆ ئاشکراکردنی ئەو واتا نهێنیانەکەخۆی لەواتای پیتی لەفزەکان شاردۆتەوە، دەوەستێتەسەر هەندێک کاودانی تایبەتەوە، ئە ویش ئەوەیەکەئەگەر واتای پیتێک یاخود بەشێک لەدەق ناروون بوو، یاخود نەدەگونجا لەگەڵ بابەتەکەو پێچەوانەی بیروراکانی تۆژەر بوو، یاخود لەگەڵ ئەو راستەقینەمێژووییانەی کەلای ناسراوە، ئەمەئەگەری بوونی واتایەکی نهێنی دەگەیەنێت کەنووسەرەکە نیازی بووە، بۆئەوەی تۆژەر ئەو واتایەئاشکرا بکا پێویستەلەسەر هەمان ئەو رێگایەبگرێتەبەر کەوا نووسەرەکەبەکاری هێناوە، دە بێت بەراورد لەنێوان ئەو پەرەگرافانەبکرێت، کەگومانی ئەوەی لەسەرە، واتای تەم و مژاوی و ناروونیان بەخۆوەگرتووە، سەیری دە کات بۆ ئەوەی بزانێت کەئایا دەتوانێت کەلەهەندێکیاندا بگاتەواتای راستەقینە؟! لەوانەیەنێگەیشتنی لەناوەڕۆکی یەکێکیان یاخود هە ندێکیان بێتەهۆی نێگەیشتنی هەموویان، چونکەرێسایەکی دیارکراو نیەبۆ ئاشکراکردنی داتاکان، توێژەر ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کەگەیشتۆتەهەموو واتا شاراوەکان،. . . کاتێک توێژەر دەگاتەواتای راستەقینەی دەقێکی مێژووی، ئەوا پرۆسەی شیکردنەوە یاخود ڕاڤەکردنێکی پۆزەتیڤانەبەکۆتا دێت، ئەو ئەنجامەی کەتوێژەر لەمەدا بەدەستی دێنێت، ئەوەیەکەشارەزایی لەزانیاریەکانی نووسەری بنەڕەتی مێژووەکەو ئەو وێنانەی کەلەمەژی خۆیدا دەربارەی ئەو مەسەلەو روداوانەی، کەلەبارەیانی نووسیوە، پەیدا دە کات (عثمان، دارالمعارف. ل121-122). لەسەر ئەو بنەمایەهەندێک وای دەبینن کەدەتوانین وەسفی راستەقینەی مێژووی بکەین کە

کارێکی دیاریکراوەکەبەشێوەیەکی راستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ لەدۆکیومێنتی مێژوویی وەرگیراوەوادانراوە، کەجێگای متمانەیە دوای پشکنێنێکی ورد لەرێگای یاساکانی میتۆدی مێژوویی، بەم چەشنەژمارەفرەرەنگ لەو شێوازەراستەقینەلای زۆربەی مێژوونووسان قبوولکراو دەبێت (جوتشلك، 1966. ل164).

دەبێت ئەوەش بزانین کەبەشێکی زۆری ئەو راستەقینانەدەربارەی شتێکی ئاسایی و زانیاری سەرەتایین، وەك ئەوەی مایکل ئەنجلیۆ پەیکەرتاشێکی گەورەبوو، یاخود ناپلیۆن لەشەڕی واتەرلۆ شکستی هێنا، ئەگینا بەگوێرەی هۆکارەکانی شکستەکەو دەرەنجامەکانی زۆر بەئاستەنگ دەگەینەراستەقینەکان، چونکەمێشکی مرۆڤ تاوەکو ئێستا ناتوانێت درك بەهۆکارەکان بکات، بەڵکو ئەو لە چوارچێوەی ئاوەزی خۆی و ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا ئەمانەروون دەکاتەوە، بۆ ئەو راستەقینەیەی دەیگاتی سنوردارەو هە میشەجێگای بۆ گومان کردن هێشتۆتەوە. پێداگرتن لەسەر بوونی راستەقینەو زاڵ بوون بەسەر هەڵەو نەزانی شتێکی زۆر سەرنج راکێشە، کاتێك باوەڕ بەمەدەهێنێت، راستەوخۆ ویستی گەڕان و توێژینەوەئەنجامدانی ئەزموون لەپەل و پۆ دەخات، بەڵکو وەك ویستێکی تاوانکاریش مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەو پێیەی دژی راستەقینەیە!(نیتشە، 2011. ل192)، دەستەوەستان بوونمان لەزانینی راستەقینە، ئەنجامی گەندەڵبوونمان هەڵوەشانەوەی ئاکاریمانە، وەك باسکال دەڵێت، ئەمەش لەراستەقینەدا هەمان شتەکە شوپنهاوەر دەیڵێت، "هەرچەندەی گەندەڵی ئاوەز گەورەبێت، هێندەزیاتر بیرورای لێبوردەیی پێداویستی دەبێت" (نیتشە، 2011. ل43). بۆیەدەبێت درك بەوەبکەین کەمەبەستمان لەراستەقینەی مێژوویی گەیشتن نیەبەراستەقینەی رەها، لەبەر زۆر هۆکار مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بگاتەئەو راستەقینەیە، بۆنمونەلەبەرنەبوونی بەڵگەی پێویست و ون بوونی شوێنەوارەکان و هەبوونی بەرژەوەندی و.. . هتد، چ لەرابردوو چ لەئێستا هیچ کەسێك نیەبتوانێت بگاتەراستەقینەی رەها، ئەو راستەقینەی مێژوونووس دەیگاتی بەشێوەیە کی رێژەیی راستە، چەندەی رێژەیی راستگۆیی تیا زیاتر بێت، هێندەزیاتر مێژوو لەچوارچێوەی تواناکانیدا، لەوەنزیك دەبێتەوەکە بێتەمێژوو بەواتا راستەکەی (عثمان، دارالمعارف، ل20-21). چونکەمێژوونووس هەرگیز ناتوانێت دەست بخاتەسەر هەموو ئەو راستەقینانەی کەپەیوەستن بەو دیاردەسروشتی و مێژووییانەی، کەوەریاندەگرێت، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆریان لەدەست چووینەو دەتوانین بڵێین هەرگیز ناگەڕێنەوە، لێرەدا هەر گشتگیرییەك کەمێژوونووس ئەنجامی بدات، هەردەبێت پشت بەهەندێك زانیاری ببەستێت کەبەتەواوی و بەشێوەیەکی ورد نەپشکنراون و لەرووی ژمارەوەکەم و کوڕیان تێدایەو لەبواری بابەتیەوەهەژارە، لەسەر ئەو بنەمایەئەو گشتگیریانەپێویستەلەو روانگەیەوەسەیر بکرێت کەدەسەڵاتێکی کەمیان هەیە، هەرکاتێك زانیاری نوێ، یاخود خاڵی راستتر بەدەرکەوت، رووبەرووی راستکردنەوەدەبێتەوەو پێویست بەوەدەکات راست بکرێتەوە(جوتشلك، 1966. ل296). (نیچە) لە مر بارەیەوەدەڵێت "هیچ راستەقینەیەك لەئارا نیە، بەتەنیا هارمۆنەتیزەکردن هەیە، مرۆڤ ئەو ئاژەڵە(هارمۆنەتیزەکەرەیە)کەبەگوێرە ی هارمۆنەتیزەکردنی میراتێك و جیهانێکی هاوبەش کەلەرابردووەوەوەریگرتووەلەخودی خۆی نێدەگات، میراتی ئێستا، و چالاکیەکی هەمیشەیی لەکردارو بڕیارەکانیدا، کەچی ئێمەبەکەڵلەرەقیەوەوا گومان دەبەین کەلەراستەقینەکاندا دەژین، هەریەکێك لەئێمەمکوڕە لەسەر ئەوەی کەئاوەزی ئەو قۆرخی راستەقینەی کردووە، راستەقینەدەکەوێتەداوی ئاوەزی ئەو بەتایبەتی ! زۆر کەم ئێمەدرك بەوە دەکەین کەئێمەلەجیهانێکی هارمۆنەتیزەکردن دەژین کەلەبەرچاوماندا بەریەك دەکەون، کەئەمەتاوێك تۆز دەکات و لەزۆربەی حالە تەکانیشدا خوێنی لێدەرژێت!"(مصطفی، 2007. ل21). لێرەدا لەگەڵ (نیچە)دا هاوڕاین کەشتێك نیەبەناوی راستەقینەی مێژوویی، گەڕان بەدوای راستەقینەلەمێژوودا واتای ون بوونەلەدوو توێی و دۆکیومێنت و نووسینەمێژووییەکاندا، گەڕان بەدوای راستەقینە واتای ئەوەیەنیەکەبەدوای ئەوەدا بگەڕێین کەکامەمێژوو نووس راستترو وردتر رووداوەکانی نووسیوەتەوە، بەڵکو گەڕانەبەدوای ئەو پەندانەی کەرووداوەکان دەتوانن پێشکەش بەئێستاو ئایندەی بکەن، گەڕان بەدوای ئەو دیمەنەهزریانەی کەوێنەی ئەو تابلۆیەهزریە تەواو دەکەن کەسەرەداوەکانی دوارۆژمان بۆ روون دەکاتەوە، گەڕانەبەدوای هەڵێنجانی هەندێك رێسا، بۆئەوەی بەهۆیانەوەبتوانین تا رادەیەك لەرووداوەکانی ئایندەتێبگەین و خۆمانی بۆ ئامادەبکەین، هەرکاتێکیش گەیشتینەئەو سەرەداوە، ئەمەواتای ئەوەیە، کەگە یشتین بەراستەقینە، یاخود بەلایەنی کەم لەراستەقینەنزیك بووینەوە.

باسی دووەم

باسی دووەم: راڤەکردن و ساختەکردنی مێژوو

مێژوو رووداوی راستەقینەیەو مرۆڤ بکەرەکەیەتی و بەگێڕانی رۆڵەکە هەڵساوە، پیوییستەوتەی مرۆڤ نەمانترسێنێت، لەبەرئەوەی نەکرۆکی مێژوو نەئامانجەکانی ناگەڕێتەوەبۆ ئامادەگی ئەو کەسایەتیەسەرەکیە(مرۆڤ)، بەڵکو دەگەڕێتەوەبۆ ئەو روانگەیەی کە مێژوونووسەکەهەڵیدەبژێرێت، مێژوو وەك خۆی ماوەتەوەنەك بەهۆی بوونێکی دیاریکراوی مرۆڤ، بەڵکو شێوازێکی دیاریکراوی بۆ خۆی وەرگرتووەبۆ گەیشتن بەزانین(مەعریفە) (ڤین، 1998. ل25)، کەواتەلەبەرئەوەی ئەو کەسەی مێژووەکەتۆماردەکاو دەنوسێتەوە

مرۆڤە، مرۆڤیش کاتێك لەتێو کۆمەڵگایەکدا دەژی دەبێتەخاوەن بەرژەوەندی خۆی، بۆیەمەرج نیەهەموو جارێك ئەو شتانەی کە رووەدەن، یاخود رووياندواوەوەکو خۆی بنووسێتەوە، بەڵکو زۆر جار بەئەنقەست کار لەسەر شێواندنی راستەقینەکان دەکات، یاخود شێوازی تۆمارکردن و نووسینەوەکەی هێندەمۆرکێکی کەسی بەسەردا زاڵ دەبێت، کەنەتوانێت کۆی دیمەنەکان وەکو خۆی ببینێت، هەندێك جار ئەوانەی دەسەڵات دەگرنەدەست بۆ ناشیرینکردنی دەسەڵاتەکەی پێش خۆیان و هێنانەدی ئامانجەسیاسیە کانیان، چۆنیان دەوێت وا دەنووسنەوە، بۆنمونەتەزاری (رۆما) (یۆلیۆس) بەر لەوەی بکوژرێت خۆی ئامادەدەکرد بۆ ئەوەی پە لاماری ئێران بدات، کۆمەڵێك والی لەلایەنگرانی خۆی دامەزراند بۆ ساڵانی داهاتوو، بۆ ئەوەی کاتێك ئەو لەوڵات نابێت، ئەوان وڵاتەکەبەڕێوەببەرن، ئەمەش بووەسۆنگەی ئەوەی کەدوای مردنی، لایەنگرانی هەست بکەن کەئەوەندەکەرەستەیان لەبەردەدست دایەکەبۆ ماوەیەك بەشیان بکات، هاوکات ئەنجومەنی پیران لەو کاتەدا، بەبێئەوەی بچێتەناو وردەکاریەکانەوە، کۆمەڵێك بڕیاری دە رکرد، (ئەنتوان) کەیەکێك لەکۆنسوڵەکان بوو، دەستی بەسەر دەفتەری کەسی تەزاردا داگرت، بەڕێکەوتن لەگەڵ نووسەری تایبەتی تەزار، ئەوەی ویستی تیادا نووسیان، لەبەرئەوەتەزار دوای مردنی زۆردارو ستەمکارتر بەدیارکەوت لەو کاتەی کەلەژیاندا بوو، ئەوەی کەتەزار بوێری نەبوو ئەنجامی بدا، ئەو کونسوڵە(ئەنتوان) ئەنجامیدا، ئەو ماڵەی کەتەزار زۆر دەستی پێوەگرتبوو، (ئەنتوان)بەبە خشندەییەوەکەوتەدابەشکردنی، ئەوەی کەخراپەیەکی بۆ کۆمارەکەهەبوو ناوی خۆی لەو دەفتەرەدۆزیەوەکەپاداشتی گەورەی بۆ دانرابوو، ئەوەی کارەکەی سەختتر کرد ئەوەبوو کەتەزار پارەیەکی زۆری بۆ هێرشەکەی بۆ سەر ئاسیا تەرخان کردبوو لەپە رستگای(پۆلۆس) ی دانابوو، (ئەنتوان) دەستی بەسەرداگرت، بەبیانووی ئەوەی کەئەوشتانەجێبەجی دەکات کەلەدەفتەرەکەدا هاتبوو، چۆنی گەرەك بوو وا رەفتاری لەگەڵ کرد (مونتسکیو، 2011. ل113-114)، زۆر هۆی تر بۆ ساختەکردنی دۆکیومێنتی مێژویی هەیە، لەوانەدۆکیومێنتەکەبۆ چەسپاندنی بانگەشەیەکی نا راست یاخود نازناوێکی پووچەڵ بەکاردەهێنرێت، نمونەی ئەمەبەخششە کەی ئیمپراتۆر (قوستەنتینە)، (هبەقستنگین)، کەلەزۆر بۆنەدا بۆ پاڵپشیکردنی ئەو تیورەدەستیان پێوەدەگرت کەدەڵێت پاپایەکان مافی هەرێمی فراوانیان لەرۆژئاوادا هەیە، لەساڵی (1440) لۆرنزو ڤالا(Lorenzo Valla) بەپشت بەستێکی زۆر بەهەڵەی مێژوویی و لەزنجیرەی رووداوەکان وراستەقینەی شێوازو ئاماژەکان، سەلماندی کەئەو بەخششەساختەیە. هەندێك جار دۆکیومێنتەکان ساختە دەکرێت بەمەبەستی بازرگانی پێکردن و فرۆشتنیان، لەو رووەوەچەندین جار نامەی ساختەی (ماری ئەنتوانێت) خرایەروو، هەندێك جار بۆ مووچەو هەندێك جاری تر هەر بۆ نوکتەدۆکیومێنتەکان ساختەدەکرێن(جوتشلك، 1966. ل140). تەنانەت زۆر جاران مێژوونووسەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەدەسەڵاتداران نزیك بکەنەوە، هەوڵدەدەن زۆر لەخۆیان گەورەتریان بکەن و شتی باشیان بۆ هە لبەستن، لەوانە، رستەی "من دەوڵەتم و دەوڵەت منم" گەدەگەڕێنرێتەوەبۆ (لویسی چواردە)، پاشای فەرەنسا، جۆرێکەلەکۆپیەکی سیاسی بۆ رستەی تەرخانکردنی(قوربانی پیرۆز)_نانی ئەفخارستیا)"(ئەفخارستیا) یاخودنهێنی قوربانی پیرۆز لەئاینی دیانەکاندا گۆڕینی نانەبۆ جەستەی مەسیح و شەڕابەبۆ خوێنی (مەسیح) بۆ نەمرکردنی ئەوکارەی، کە(مەسیح) ئەنجامیدا کاتێك نانەکەی پارچە کرد بەقوتابیەکانی گوت:" هەمووی لێببەن ئەمەجەستەی منە" کاتێك شەڕابیشی تێکردگوتی:" هەمووتان بیخۆنەوەئەمەخوێنی منە"ئە و جۆرەگوێزرانەوەیەدەگەڕێتەوەبۆ جیهانی (وەهمکردن) بەهەمان ئەو شێوەیەی کەلە(ئەندێشەیدا)هەیە(ریکور، 2009. ل401).

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی پرۆپاگەندەیەك لەناو خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراودا بڵاوبووەوە، کەبەهۆی بۆردومانی فرۆکەی هاوپەیمانان رەتێك لەزرێپۆشەکانی دوژمن لەناوبردران، ئەمەشەپۆڵێکی خۆشی و هیوای خستەدڵی خەڵکەکەوە، لەکاتێکدا ئەو هە واڵەدرۆبوو راست نەبوو، وڵاتەداگیرکەرەکەبەبێ ماندوو ئەوەی سەلماند کەهەواڵەکەراست نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە کاریگەری نەکردەسەر وڕەی خەڵکەکەهەستی بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر داگیرکەرەکەلاواز نەبوو، لەبەرئەوەی تێکشکاندنی تیپێکی زرێپۆش بۆ ئەوان بێ ئومێدی نەبوو، بەڵکو سیمبولێکی هیوا بوو، کاتێك بەدەر کەوت ئەو سیمبولەچیتر سوودی نەماوەخە ڵك پەنا بۆ سیمبولێکی تر دەبات (ڤین، 1998. ل202). ئەو هەموو ساختەکاری و تێڵکردنی ئەفسانەکانە، کەوایکردووەهەندێك خە ڵك مێژوو بەچیرۆکێك و هەندێکی تر بەدرۆیەکی گەورەی تێبگەن، تەنانەت هەندێك لەپاشاکان کتێبەمێژوونویسەکانیان قەدەغەکرد، بۆنمونەدوای ماوەیەکی کەم لەساڵی (220) ی پ.. ز، ئیمپراتۆرێك فەرمانڕەوای (شینگ هوانگ تینگ) (چینی) دەکرد، کەیەکەمین ئیمپراتۆری (چین) بوو شەڕکەرێکی گەورەبوو، کوڕی یەکێك لەو میرانەبوو، کەفەرمانڕەوایی ناوچەی (شین) ی دەکرد، کەدواتر هە موو وڵاتەکەبەو ناوەوەناونراو بوو بە(چین)، زۆر رقی لەمێژوو دەبووەوە، تەنانەت لەساڵی (213 پ. ز) فەرمانی دا هەموو کتێبە مێژوونویسەکان راپۆرت و دۆسیەکۆنەکان بسووتێنرێت، سەرباری هەموو کۆمەڵەشیعرییەکان و گۆرانیەکان و نووسینەکانی (کۆنفۆشیوس) و (لاوتزو)، هەموو ئەو شتانەی کەپێی وابوو شتی پرۆپووچ و بێ سوودن، تەنیا رێگای بەهەندێك لەو کتێبانەدا کە پێی وابوو سوودیان هەیەوەك کتێبەکانی تایبەت بەکشتوکاڵ، ئەوەی تر هەر کتێبێك لای هەر کەسێك بگیرابوایەکتێبەکەی دە سووتاندوو کەسەکەشی لەسێدارەدەدا. لەبەرئەوەی دەیویست وڵاتەکەی سەرلەنوێ و لەسەر شێوازێکی نوێ بنیات بنێتەوەهەوڵیدا

ئەوەی پەیوەندی بەرابردووەوەهەیەبیسرێتەوە(غومبرش، 2013. ل119-120) (ئیبن خەلدوون) هۆیەکانی درۆکردن لەمێژوودا بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە:

1- لایەنگری بۆچوون و ئاینزاکان.

2- متمانەبوون بەوانەی کەهەوالەکەیان گێڕاوەتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیەکەبەوردی لەرووداوەکەنەکۆڵراوەتەوە.

3- تێنگەیشتن لەنیازەکان، زۆر لەمێژوونووسان نیازی ئەو شتەنازانێت کەگوێی لێ بووەیاخود بینیویەتی، هەواڵەکەبەگوێرەی نیازو هەڵسەنگاندنی خۆی دەگوازێتەوەو لەمەشدا دەکەوێتەهەڵەوە.

4- کەوتنەوەهمی راستگۆییەوە، ئەمەش لەئەنجامی متمانەی زۆری بەو کەسانەی هەواڵەکەدەگوێزنەوە.

5- نەزانینی پراکتیزەکردنی کاودانەکەبەسەر داکەوتەکان، لەبەرئەوەی جۆرێك لەداودانانەوەو فریودانی لەخۆوەگرتووە، بۆیە هەواڵگیرِ وەك ئەوەدەیگوازێتەوەکەدیویەتی، کەلەراستیدا راستەقینەکەنیە.

6- لەپێناو نزیك بوونەوەلەپلەباڵاکان و پەسن کردن و بەسەردااهەڵگوتنیان، بەمەش هەواڵەناڕاستەکان زۆر دەبن و لەناو خە ڵکدا بڵاو دەبنەوە، دەروونی مرۆڤەکان حەزی لەپێداهەڵگوتنە.

7- لەهەموو هۆیەکان لەپێشتر نەزانینی سروشتی شارستانیەتەکانە، هەموو رووداوەکان ئەگەر خودێك بن، یاخود کارێك بن هەر دەبێت سروشتێکیان هەبێت، کەتایبەتەبەخۆیان، بۆیەئەگەر گوێگر شارەزایی لەسروشتی رووداوەکان هەبوو، ئەمەیارمەتی دەدا بۆ ئەوەی باشتر لەرووداوەکەورد بێتەوەو راستی و ناڕاستیەکان لەیەکتر جوێ بکاتەوە(ابن خلدون، 2004. ل125-126) واتەباوەڕ بە هەندێك شت نەکات کەناچێتەئاوەزەوە، وەکو ئەو دەیان چیرۆکەئەفسانەییانەی کەتێکەڵ بەمێژوو کراوە.

ئەم هۆکارانەوادەکەن کەهەندێ کەس بگەنەئەو بڕوایەی کەمێژوو ناتوانێت بەدوای راستەقینەدا بگەڕێت، لەبەرئەوەی ئەمەکارێکی ئاسان نییەو شتێك نیەبەناوی راستەقینە، هەمیشەدەسەڵاتداران هەوڵیان داوەچەمکی راستەقینەبەکاربهێنن بۆ ئەوەی ڕەوایەتی مانە وەبۆ خۆیان دابین بکەن و جۆرەدۆگمایەکیش لەبیرکردنەوەی هاوڵاتیانیان دروست بکەن، بۆیەوایدەبینن مێژوونووس ئەگەر بەدوای راستەقینەدا بگەڕێت ئەوا لەبازنەیەکی بۆشدا دەخولێتەوەو هەرگیز ناگاتەئەنجام، بۆیەدەبێت لەروانگەی بەیەکەوەگرێدانی رووداوە کان و شرۆڤەکردنیانەوە، خۆی هەوڵی دروستکردنی ئەو راستەقینەیەبدات کەخزمەتی کۆی کۆمەڵگاکەی دەکات، گۆڤاری(کرۆنۆلۆژی) لەنێوان ساڵانی (1924-1939)کەوتەدژایەتیکردنی چەند بابەتێکەوە، یەکەمیان دژی مێژووی سیاسی بوو، لەهە موو شتێك زیاتر رقیان لێدەبووەوە، بەتایبەت لەرووخسارەدیپلۆماتیکیە(قێزەونەکەی)، وەك دەیانگوت، کەئەو مێژووەسیاسیەدە کرێتەپەردەیەك کەرۆڵی راستەقینەی مێژووی لەپەنادا دەشاردرێتەوە، کەرووداوەکانی لەپشت پەردەکانەوەو لەبینایەنهێنیەکانەوە رووەدەن و پێویستەئاشکرا بکرێن و دواتر ڕاڤەو شرۆڤەبکرێن (لوغوف، 2007. ل86). بەپێچەوانەی ئەمەمەسەلەی سیاسەت لای (فۆکو)، مەسەلەی هەڵەو وەهمر و ئایدیۆلۆژیا، یاخود هەستێکی زەوتکراو نیە، بەڵکو مەسەلەی خودی راستەقینەیە. "من نامەوێ بەسوسیۆلۆژیایەکی مێژوویی هەڵسم بۆ یەکێك لەقەدەغەکراوەکان، بەڵکو بەمێژووی سیاسی هەڵدەستم بۆ بەرهەمهێنانی راستە قینە" (ولداباه، 1994. ل143).

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەو راستیەفەرامۆش بکەین کەزۆرجاران مێژوو بەمەبەستی سیاسی ساختەدەکرێت، بۆ نمونەئەوروپیەکان وا گریمان دەکەن کەئازادی لەگریکەکانەوەماوەتەوە، بەڵام ئەو بانگەشەکردنەبۆ ئازادی لەو ئەو راستەقینەی هەبووەناگونجێت، بۆنمونەدەبینین کۆیلەکان لەقۆناغی کارولینجیدا بەشێکی گرنگی هەناردەکردنەدەرەوەی کیشوەرەکەیان پێکدەهێنا(غودی، 2010. ل92). بەمەش دەیانەوێت بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی بەرۆژئاوایی بکەن، هەروەك چۆن لەسەدەی هەژدەو نۆزدەهەمدا ئە مریکاییەکان کیشوەریکیان کردەکۆیلە(کیشوەری ئەفریقا)و کیشوەریکی تریان لەناوبرد(هیندیەسوورەکانی ئەمریکا)! زۆرجاران مرۆڤ، بەشێوەیەکی وردتر، چین و توێژەدەسەڵاتدارەکانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگادا پەنا بۆ دروستکردنی وەهم دەبەن لەپێناو بندە ست خستنی مێژوو کۆنترۆڵکردنی ئاوەزەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کەلەهەندێك کاتدا وەهمەکان رۆڵێکی پۆزەتیڤانەش لەژیانی مرۆڤدا دەگێڕن، بۆیەپێشکەوتنی ئاوەز نابێت ببێتەهۆی لەیادکردنی بایەخی گەورەی وەهمەکان لە ژیانی گەلان، لەبەرئەوەی وەهمەکان هیوایەکی گەورەپێشکەش دەکەن و هێزێکی بەڕێوەچوون بەمرۆڤ دەبەخشن، کەهیچ فاکتە رێکی ئاوەزی(ئەقڵی)ناتوانێت ئەو هێزەی پێببەخشێت، بۆیەئەوەی ناراستەقینەیەهەندێك جار زۆر پۆزەتیڤانەدەبێت بۆ خودی راستەقینەکان خۆیان (لوبون، 1954. ل17). دیکتاتۆرەکان هەندێك لەسیاسەتمەدارەکانیش، ئەوانەی کەلەوڵاتەدیموکراسیەکاندان و خاوەنی روانگەیەکی رووکەشانەن، پێیان باشە، کەسەیری مێژوو بکەن نەك وەك ئەوەی کەجۆرێکەلەمەعریفەمیتۆدی تایبەتی خۆی هەیەبۆ گەیشتن بەراستەقینە، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بەجۆرێك لەنیشتمان پەروەری کەلەسەر روانگەیەکی نا رەخنەگرانەبۆ مێژووی وڵاتەکەیان بەندە(جوتشلك، 1966. ل15).

باسی سێیەم

سوودەکانی راڤەکردنی مێژوویی و پێشبینیکردن

سەرەتا دەتوانین ئەو سوودانەی کەوا توێژەری مێژوویی و زاناسی کۆمەڵناسی و سیاسی لەراڤەکردنی مێژوو وەریدەگرن لەچەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

1- بیرکردنەوەلەسۆنگەی کۆسپ و شکستەکان.

2- دڵەراوکێ و بیرکردنەوەلەکێشەکانی دواڕۆژ. لەبەرەئوەی بیرکردنەوەو دڵەراوکێ بەرامبەر ئێستاو داهاتوو و وادەکات مرۆڤ پەنا بۆ رابردوو ببات، مێژوو نەك فەلسەفەی مێژوو ئێستاو دواڕۆژ دوور دەخاتەوەلەرابردووەوەدەست پێدەکاتەوەلەگەڵ دە ست پێکردنی ئێستا بەکۆتا دێت، بەڵام بەیەکەوەگرێدانی رابردوو بەداهاتوو لەرێگای ئێستاوەبەپەیوەندیەکی ئۆرگانیکی بەفەلسەفە ی مێژووەوەهەیە.

3- پێکهێنانی روانگەیەکی گشتگیر بۆ مێژووی مرۆڤایەتی. فەیلەسووفانی مێژوو پێیان وایەکەپەیداکردنی زانین لەسەر مێژووی هەر وڵاتێك و هەر شارستانیەتێك بەجیا، وەك ئەوەی لەتوێژینەوەی مێژوویی ئاسایدا هەیە، یارمەتی هزرمەند نادات کەروانگەیەکی گشتگیر لەسەر مێژووی مرۆڤ دروست بکات. بۆیەبووەپێداویستی کەمێژووی مرۆڤایەتی دەبێت گشتگیر بێت و فرەرەنگی تیابێت، ئەمەش تەنیا لەرێگای فەلسەفەی مێژووەوەئەنجام دەدرێت

4- فەلسەفەی مێژوو وەك سەرچاوەیك بۆ مێژوو. دوای ئەوەی کەوا کەرەستەی مێژوو سەرچاوەیەك بوو بۆ توێژینەوەی مێژوویی، دواتر بۆ توێنەوەلەفەلسەفەی مێژوو، بەگوێرەی هەندێك تیوری نوێ، فەلسەفەی مێژوو دەبێتەسەرچاوەیەك و یارمەتی توێژەر دەدا بۆ زانینی هەندێك لایەن لەسروشتی ئەو قۆناغەمێژووییانەی کەرەگەزی مرۆڤ پایدا تێپەڕیوە(حسین، 2012. ل17-19).

رەنگ بێت یەکێك لەسوودەگەورەکانی راڤەکردنی مێژوویی، هەوڵدان بێت ئەوەی مێژوو لەوەهمەکان پاك بکرێنەوەو کەسەکان بگەڕێندرێنەوەبۆ دۆخی راستەقینەی خۆیان، چونکەهەستی مرۆڤ هەمیشەهەوڵدەدات رابردوو پیرۆز بکات، بەکورتی، مێژوو بە جلەکۆنەکەی هەوڵدەدات کەوا لەپەیکەری رابردوو شوێنەوارەکەی بکاتەیاددان، بێگۆڕێتەدۆکیومێنت و هانی ئەو شوێنەوارانەبدات کەبێنەگۆ، ئەو شوێنەوارانەی کەلەزۆربەی کاتدا لەخودی خۆیانداکەڕولاڵن، یاخودبەبێدەنگی شت دەڵێن نەوەك بەدەنگی بەرز، هە رچی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندایە، مێژوو ئەوەیەکەدۆکیومێنتەکان دەکاتەپەیکەری شوێنەواری، بڕێك لەو رەگەزانەدەخاتەروو کە پێویستەلاتەریکیان بکات و دواتر بەیەکەوەکۆیان بکاتەوەو وەدەریان بخاو بەیەکەوەبیانبەستێتەوەو بیانخاتەنێو کۆمەڵە کۆمەڵەوە، مێژووی تەقلیدی تەنیا بەوەدەوەستا کەبەدوای ئەو شوێنەوارانەبگەڕێت کەمرۆڤ لەدوای خۆیدا بەجێی هێشتبوو بیپشکنیایەو بیناسیبوایەوەوەك ئەوەی کەهەبوو، ئەو زەمەنەتێپەڕی کەهەڵکۆڵینوەلقێکی مەعریفەتوێژینەوەلەسەر پەیکەرەکەڕولاڵەکان و شوێنە وارەمردووەکان بکات، ئەو بابەتانەی کەناکەونەئەو سیاقەوە، ئەو شتانەی کەرابردوو جێیان هێشتووە(فوکو، 1981. ل8).

هاوکات کاتێك توێژەر، بەشداری لەشیکردنەوەو راڤەکردنی مێژوو دەکات، دەتوانێت:

1- بەراورد لەنێوان کۆمەڵێکی شتی جیاوازو دژبەیەك، لەهزرو بەهاو کەسایەتی و رەفتارو دام و دەزگاکان بکات، خاڵی جیاوازی و لەیەك چوونیان لەنێوان دەست نیشان بکات.

2- سەیرکردنی کۆمەلێك روانگەو بۆچوونەجیاوازەکانی رابردوو، لەرێگای بیرو باوەڕو بەرژەوەندی و هیواو مەترسیەکان و پاڵنەرەجیاوازەکانیانەوە.

3- لێکدانەوەی پەیوەندی لەنێوان هۆو دەرئەنجامەکان، ئەمەش لەچەند خاڵێکەوەچڕ دەکرێتەوە:

أ- بایەخی تاك لەمێژوو.

ب- کاریگەری بەرژەوەندیەکان و بیروباوەڕەکانی ئادەمیزاد.

ج- رۆڵی رێکەوت و شتی نالۆژیکی.

4-کێشانی وێنەیەکی بەردراوردکردن لەنێوان چاخەکان و هەرێمەکان بۆ دباربکردنی فاکتەرەهەمیشەییەکان و کەلەچوارچێوەیەکی فراوان و بۆ ماوەیەیکی درێژ رووەدەن یاخود ئەو پێشکەوتنانەی کەچوارچێوەهەرێمی و زەمەنیەکەدەبەزێنێت.

5-جوێکردنەوەلەنێوان ئەو دەربڕینانەی کەجێگەی پشت بەستن نین، لەگەڵ گریمانەکانی زەوی ناسی و بەڵگەنامەمێژووییەکان.

6-بەراوردکردن لەنێوان گێڕانەوەمێژووییەرکابەرەکاندا.

7-ئەو بیانگانەی کەبەرەنگاری حەتمەیەتی مێژوویی دەبێتەوە، لەرێگای داڕشتنی نمونە، بۆ ئەو شتانەی کەلەمێژوودا بەشێوەیەکی کت و پڕ رووەدەن، هەروەها چۆنیەتی هەڵبژاردنی رێگاچارەی جیاواز، کەدەشێ ببێتەهۆی چارەنووسێکی جیاواز.

8- راڤەکردنی کاتی مێژوویی، کەدەکەوێتەژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکان و زانیاری نوێ، دەنگی نوێ دەبیسترێ و راڤەکردنی نوێ ئەنجام دەدرێ.

9- هەڵسەنگاندنێکی بەفراوان بۆ گفتوگۆی نێوان مێژوونووسان ئەوەی کەپەیوەندی بەروانگەی ئەلتەرناتیڤەوە، بۆ راڤەکردنە کانی رابردوو.

10- گریمانکردنی کاریگەریەکانی رابردوو، کەهەردوو لایەنی هەل و دیاریکردنەکان لەخۆبگرێت کەئەگەری هەیەلەئەنجامی بڕیارەکانی رابردوودا دروست بووبن(Historical Analysis and Interpretation: http://nchs. ucla. edu) .

ناکرێت ئەوەفەرامۆش بکەین، کەیەکێك لەسوودەگرنگەکانی راڤەکردنی مێژوو، پێشبینکردنی رووداوەکانی داهاتووە، لەبەرئەوەی لە رێگای ئیستاوەدەتوانرێن ئایندەتێکەڵ بەرابردوو بکرێت و لەژێر رۆشنایی رووداوەکانی رابردووە، خوێندنەوەیەك بۆ ئایندەهەڵێنجی و رێڕەوی گۆڕانکاریەکان، یاخود بەلایەنی کەم شوێن پێی سایەی گۆڕانکاریەکانی رابردوو هەڵگرین، چونکەپێشبینکردن بەپلەی یەکە م پشت بەکەڵەبوونی زانیاریەکانی رابردوو دەبەستێت، کەسی پێشبینکار لەرێگار ئەو زانیاریانەوەدەتوانێت هەست بەئەگەری رووداتی شتێك بکات لەئایندەدا، کەواتەپڕۆسەی پێشبینیکردنی مێژوویی پشت بەزانیاری زۆرو شارەزایی و ئاوەز دەبەستێت نەك بە ئەندێشە. دیارەلەرێگای پێشبینی و ئەو خوێندنەوەدواڕۆژیانەوەدەتوانرێت بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەری لەسەر ئایندەدروست بکرێت، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کەلەرێگای داتاو زانیاری وردەوەدەتوانرێت تا رادەیەکی باش نەخشەبۆ ساڵەکانی ئایندەش بکێشرێت و ئاڕاستەی رێڕەوی کۆمەڵگا دەست نیشان، تەنانەت کۆنترۆڵیش بکرێ. (تزو جانگ) یەکێك لەقوتابیەکان لەدواڕۆژی دە نەوەی داهاتوو(تەمەنی هەرنەوەیەکیان بەساڵ دادەنا) پرسیاری لەکۆنفۆشیۆس کرد، ئەویش لەوەڵامدا گوتی:"بنەماڵەی (ین) (بنە ماڵەی (ینگ شانگ 1600-1100) شەعائری لەبنەماڵەی هسیا(2100- 1600پ. ز) بۆ مایەوە، بەمەش دەتوانین بگەینەسەرەنجامی ئە و شتانەی کەبەدەستیان هێناو ئەو شتانەی کەلەدەستیان دا، دواتر بنەماڵەی (جوو1100-221 پ. ز) شەعائری بنەماڵەی (ین) ی بۆمایەوە، بەمەش دەتوانین بگەینەسەرئەنجامی ئەو شتانەی کەبەدەستیان هێناو ئەو شتانەی کەلەدەستیاندا، بەم جۆرەدەتوانین بگەینەسەرئەنجامی دواڕۆژی ئەو بنەماڵانەی کەشوێنی بنەماڵەی (جوو) دەگرنەوەبۆ سەد نەوەی داهاتوو"

(کونفوشیوس:www. confucius. org) .

ئەو بیرۆکەی، کەدەڵێت دەشێت پێشبینیکردن کاریگەری هەبێت لەسەر رووداوی پێشبینیکراو، ئیجگار کۆنەو دەگەڕێتەوەبۆ سەردە می کۆن، لەچیرۆکەکۆنەکاندا هاتووە، کە(ئۆدیپۆس)(*) باوکی خۆی کوشت کەپێشتر نەیبینیبوو، ئەمەش ئەنجامێکی راستەوخۆی ئە و پێشبینیەبوو کەبووەهۆی ئەوەی باوکی رقی لێی بێتەوە، بۆیەدەکرێت ناوی (کاریگەری ئۆدیپی) لەکاریگەری پێشبینکردن لەسەر رووداوی پێشبینیکراو بنرێت، ئەگەر ئەو پێشبینی کردنەبێتەهۆی رووداوەکەیاخود رێگری لەروودانی بکات (پوپر، 1959. ل23). کەواتەدەکرێت بەراوردکاری مێژوویی(*)، وەك ئامرازێك بۆ پێشبینیکردن بەکاربهێنرێت، سوودی ئەمەش لەوەدایەکەلەوە دایەکەئاشکرای دەکات ئادەمیزاد دەشێ لەمێژوودا فێر ببێت، بەڵام ناتوانرێت پشت بەوەببەستریت کەئایا مرۆڤ هەمان شت ئە نجام دەدات کەلەمێژوودا رووبداوەیاخود ئەنجامی نادات!؟ جائەگەر مرۆڤ سوود لەئەزموونەکان وەرگرێت، ئەوا هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کەهەمان کار ئەنجام بداتەوە، ئەگەر هاتوو لایان باش بوو، یاخود خۆی لێ لابدات ئەگەر هاتوو لای باش نەبوو، یاخود خراپ یوو، بەڵام لەبەرئەوەی ناکرێت پشت بەپێشبینیکردن ببەستین، بۆیەهەموو پێوەرەمێژوویەکان، ئەو چارەسەریانەدە خەنەبەردەم کەلەتوانادان، یاخود زیاترئەگەری رووداینان هەیە، کەواتەمێژوو توانای لەوباوەڕ بوون(التوقع) زیاتر دەکات پێشبینیکردن(تنبأ). ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆئامادەکردنی زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی کردارەکانی ئایندە، چونکە،. . . "زۆربەی ئەو مەسەلانەی کەبۆخەڵك گرنگەلەرێگای ریالیستی مەعریفەی مێژوویەوەناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە، مێژوونووسانیش بۆ ئەوەی گیانی زانستی بوون بپارێزن، خۆیان لەوەدەپارێزن کەهانی خۆدەرخستن بدەن بەوەی کەئەوان دەتوانن بەم شێوەیەوەڵام بدەنەوە، هە رچۆنێك بێت، لەهەندێك حالەتی سنووردارا، مێژوونووس بەبەکارهێنانی زانیاریەکان و پێوەرەمێژوویەکانی پەیوەست بەو دۆخەی کەدەخرێتەبەردەمی، دەشێ ئاماژەبۆ کاودانێکی کت و پڕ بکات و لەو بڕوایەدابێت، کەئەگەری رووداتی یەکێکیان یاخود زیاتریان لە ئارادایە" (جوتشلك، 1966. ل301).

ئیمەهەمیشەئەو شتانەدەگێڕینەوەکەپێمان وایەراستەقینەن، هاوکات لەو بڕوایەداین رووداوەکان وەك ئەوەرووەدەن کەئیمە پێشبینیمان کردووە، بۆیەتا ئیستا زمان، سەربازی ئەو ئەزموون و کردارەی کەوا فۆرمۆلەی دەکات، دەتوانێت بەرامبەر پەلاماری گومانیستەکان خۆی بگرێت (ریکور، 2006. ل31). لەرێگای ئەو (لەبڕوادابوون)ەی کەئیستادەیکەین، پێشینەدرك پێکردنێکمان دەبێت بۆ ئەو شتانەی کەدەتوانین پێشبینیان بکەین، یاخود بەپێشیان کەوینەوە، بەم چەشنە(لەبڕوادابوون) وەك یاددانەیە، دەکرێت لە وێنەیەکدا بێت کەپێشینەهەبێت، بەڵام وێنەیەك کەوردبوونەوەلەشتەکانی رابردوو جێیان نەهێشتووە، بەڵکو نیشانەیەبۆ شتەکانی

دواڕۆژ، بەم چەشنەدەتوانین بەپێشبکەوینەوە، یاخود پێشبینی، یاخود وێنای بکەین، یاخود پێشینەبیهێنینەبەرچاوی خۆمان (ریکور، 2006. ل32). جولانەوەمێژوویەکان، کەرەنگدانەوەی رژێمێکی تێکەڵاوی دونیەوین، وێنای پەیوەندیەکی جیاواز لەنێوان ئەزموون و لەبڕوادابوون دەکەن، کاتێك ئەو جۆرەجولانەوانەو ئەو گروپانەسامان تاقیدەکەنەوە، بۆ نمونە، پێویستەپێناسەی ئیستا بکەن، لە ڕێگای بەزمەنی کرن و بەمێژوویکردنێکی بێ وێنەی کارلەیەگترکردنی رابردوو لەگەڵ دۆخەی کەلەئارادایە، بەو پێیەمێژوو بەتە نیاخاڵی ریتمێکی ئاسان نابێت،. . . بەتایبەتی ماوەی نوێ لەزەمەنی مێژوویی، ئەزموونەکانی رابردووی ئیستا، کەرووداوەکانیان ئاوێتە بووەو دەتوانین بەبیری بهێنینەوە، ، بەهەمان شێوە، لەوباوەڕدابوون(توقع) ئەمڕۆ رووەداو دواڕۆژ بەئیستا دەبەستێتەوە، بە روونی ئەو بەئاڕاستەیەکدا کەهێشتا نەهاتووە، بەرەو جیهانێك کەتاقینەکراوەتەوە، بەرەو ئاسۆی بیرکردنەوەیەك دیار نیەدەگاتە شوێنی خۆی، ئاسۆی ئەو توقعەی کەلەدواڕۆژەوەدێت، ئەو رەوگەیەئامادەکات کەئەزموونی ئیستا پێداویستیەپێایدا بڕوات (Harootunian: www. sussex. ac. uk).

لەڕاستیدا هەموو رووداوێك درێژبوونەوەی زەمەنی خۆی هەیە، هەرەچەندەکاریگەری رووداوەبکەوێتەسەرئیستاو درێژبێتەوە بۆ داهاتوو بایەخی رووادوەکەزیاتر دەبێت، هەرچەندەهەندێك پێیان وایەکەکاری مێژوونووس نیەکەچاو ببڕێتەداهاتوو یاخود پێشبینی رووداوەکان بکات، چونکەبابەتی بوونی مێژوویی تێکدەدات، سەرباری ئەوەی بەپێشبینیکردنی رووداوەکانی رابردوو دەبێتە هۆی ئەوەی کەرووداوەکان رووندات! ئەمەش نابێتەهۆی وەستاندن، یاخود درێژ بوونەوەی کاریگەری رابردوو لەسەر ئیستاو تە نانەت دواڕۆژیش، رووداوی مێژوویی هەتاوەکو ئەگەر سنوورەکەی خۆشی تەواو نەکردبێت بەلایەنی کەمەوەکاریگەریەك بەجێدە هێڵێت کەناتوانین سنووری بۆ بکێشین، بەڵام ناشتوانین رەتی بکەینەوە(فوزی، 1964. ل74-75). ئەمەئەوەدەگەیەنێت کەزۆر جار پێشبینیکردنی رووداو، وا دەکات کەئامادەکاری بۆ رووبەرووبوونەوەی، یاخود ڕێگا لەرووادانی بگیرێت، کەلەراستیدا ئەمەخۆی لە خۆیدا پێکانی ئامانجێکی گرنگی مێژووە، چونکەپێشبینیکردن لەپێناو خودی پێشبینکردنەکەنیە، بەڵکو ئامڕازێکەبۆ مامەڵەکردن لەگە ڵ داهاتوو. لەگەڵ ئەوەش هەندێك وایدەبینن، کەلەمێژوودا بوار بۆ پێشبینیکردن نیە، لەبەرئەوەی مەعریفەی مێژوویی بەشتی کە رتی(جزئی) پێوەند کراوە، هەرچی دواڕۆژەئەوا رەهایەو پێوەند نەکراوە، بۆیەناتوانین خاوەندارێتی بکەین، ئەگەر گەورەترین سە رکردەکان نەیانتوانیبێت هەر لەسەرەتاوەچارەنووسی شەڕێك دیاری بکەن، مێژوونووس چۆن دەتوانێت دواڕۆژی مرۆڤایەتی دیاربکات (صبحی، 1975. ل32). بەڵام دیارەبەراورد کردن لەنێوان مێژوونووسێك و سەرکردەیەکی سیاسی بەراوردکردنێکی تە ندروست نیە، چونکەئەو ئامڕازانەی کەلەبەردەستی مێژوونوسدان زۆر زیاترەو ئەو گۆشەنیگایەی کەسەیری رووداوەکانی پێدەکات فراوانترو گەورەترە، مێژوونووس لەدەرەوەی بازنەکەوەرووداوەکان دەخوێنێتەوە، هاوکات مەرج نیە، پێشبینکردنەکان دەقاو دەق دەربچن، چونکەمێژوو نووس فاڵچی نیە، بەڵکو ئەو تەنیا دەتوانێت کۆی رەوتی گەشەسەندن و ئاڕاستەی روداوەکان دیاربکات، دیارەئەمەش کاریگەری ئەوەی هەیەلەسەر ئەوەی کەستراتیژستەکان و سەرکردەکان چۆن کاری بۆ بکەن، هەموو ئەرکەکەناکەوێتە سەر پێشبینیەکانی مێژوونووسەکان بەڵکو ئەو پێشبینانەدەبێت هەمیشە(ئەگەر)یکیان لەگەڵدا بێت، جێبەجێکردنی ئەو ئەگەرانەدەکە وێتەسەرشانی فاکتەرەکانی تری ناو کۆمەڵگا، بەشێکی تر بیانگەبەوەدەهێننەوەکەپێشبینیکردن لەتوانادا نیە، ڤالیری دەڵێت :"پێشبینیکردن رەتدەکەمەوە، (ئیمەلەسەر پاژنەکانمان بەرەو دواڕۆژ دەخشین)، ئەمەش لای من گرنگترین و بێگومانترین وانەیەکە مێژوو فێرمان دەکات، لەبەرئەوەی مێژوو زانینی ئەو شتانەیەکەدووبارەنابێتەوە، ئەو شتانەی کەلەتوانایاندایەدووبارەببنەوە، ئەو ئە زموونانەی دەتوانرێت سەرلەنوێ ئەنجام بدرێنەوە، ئەو تێبینیانەی کەیەکیان لەسەرەوەی ئەوەی تریانە، ئەوانەهەمووی ئەرکی زانستی فیزیك یاخود زانستی زیندەوەرزانیە(ڤالیری، 1981. ل309). کارل پۆپر چەند بەڵگەنامەیەك دەهێنێتەوەبۆ ئەوەی بیسە لمێنێن کەمیتۆدی مێژوویی نەزۆکەو ناتوانێت پێشبینی بۆ داهاتوو بکات، لەبەرئەوەی:

1- مێژووی مرۆڤایەتی لەرۆیشتنیدا بەشێوەیەکی بەهێز دەکەوێتەژێر کاریگەری مەعریفەی مرۆڤایەتی
2- ئیمەناتوانێن بەرێگاکانی ئاوەزی(ئەقڵی) یاخود زانستی، پێشبینی چۆنیەتی گەشەکردنی مەعریفەی زانستیمان بکەین
3- کەواتەناتوانین پێشبینی بەدواڕۆژی بەڕێوەچوونی مێژووی مرۆڤایەتی بکەین
4- ئەمەش واتای ئەوەیەکەوا دامەزراندنی مێژوویەکی تیوری رەتبکەینەوە! واتەناتوانرێت زانستێکی مێژووی کۆمەڵایەتی دابنرێت بەرامبەر بەزانستی سروشتی تیووری، ناتوانرێت تیورێکی زانستی بۆ گەشەسەندنی مێژوویی دابنرێت لەبار بێت بۆئەوەی ببێتەبنەمایەك بۆپێشبینیکردنی مێژوویی (پوپر، 1959. ل5).

لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستەیەکەمجار ئەو بیرۆکەیەدوور بخەینەوە، کەئیمەدەتوانین کۆتا لێکدانەوەبۆ شتەکان لەمێژوودا بدۆزینە وە،. . . ئەوەی کەمێژوونووس دەینوسێت تەنیا پوختەی تەواو بوونەکەیەتی، ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆیەوەناتوانێت توانای فێربوون ببە خشێت، تەنیا ئەگەر کۆی هەموو شتەکان زانراو نەبێت، ئەگەر بینینی گشتگیر شوێنی راستەقینەی خۆی بداتەهەر ڕاڤەکردنێك بە

درێژی، ئەمەبەتەوای ونە، ئێمەدوارۆژی ژیانی خۆمان نازانین، رابردووەکەشی بەتەواوی نازانین، یەك گەواهیدەرمان نیەتوانیبێتی، کەدەرکەوتنی یەکەم مرۆڤ ببینێت لەسەر زەوی، کەسێك ناتوانێت چیرۆکی کۆتایی دوا بوونەوەی زیندوو لەسەر زەوی بنووسێت، کەواتەهەرپوختەیەکی چەسپاو رازیکەر دەتوانرێت پێشکەش بکرێت، بەپشت بەستن بەسەیرکردن و دیمەنی وا کەخۆی لەخۆیدا پارچەپارچەیەو تەواو نیە(هوراس، 1974. ل115)). سەرباری ئەمەش نمونەی وا کەم نیەلەمێژوودا، کەپێشبینکردنەکان تەواو دە رچووبن و هاتبنەدی، بۆ نمونەلەساڵی 1914 وەزیری ناوەخۆی رووسیا راپۆرتێکی بۆ تەزاری رووسیا نیکۆلای بەرزکردەوە، تیایدا ئە وەی روونکردەوەکەبەریتانیا دوژمنی جیۆپۆلەتیکی رووسیایە، ئەگەرروسیا لەجەنگدا بێتەهاوپەیمانی بەریتانیا ئەوا هەردوو ئیمپراتۆریای رووسی و ئەڵمانی دەڕوخێن، ئەو بەڵگەنامەبەنهێنی مایەوەتا روخانی یەکێتی سۆڤیە(ایجور باناربن .https://arabic. rt : (com. هەرچۆنێك بێت مەرج نیەپێشبینیەکان هەمیشەبێنەدی، گرنگیش لەپێشبینیەکان ئەوەنیەکەهەردەم بێنەدی، بەڵکو گرنگ خودی پرۆسەی پێشبینیکردنەکەیە، کەوا دەکات مرۆڤ تواناکانی ئیستای بەکاربێنێت بۆئەوەی کاریگەری لەسەر ئایندەدروست بکات، بەئەنجام گەیشتن یاخود بەئەنجام نەگەیشتنی ئەو هەوڵەش دەوەستێتەسەر کارامەیی بیری مرۆڤ لەلایەکی تریش دەوە ستێتەسەر ئەو میتۆدو ئامرازانەی کەبەکاریان دەهێنێت، بەردەوام بوونی ئەو پرۆسەیەبەواتایەك لەواتایەکان هەوڵدان دەگەیەنێت بۆ زیاتر نزیك بوونەوەلەئەقڵمەندایەتی، هەرچەندەلەقۆناغەسەرەتاییەکاندا ئەو هەوڵدانەبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێز بەکارهاتوون.

سەرئەنجام

شرۆڤەکردن و هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، یەکێکەلەهۆکارەگرنگەکانی تێگەیشتن لەمێژوو، ئاشکرایەرووداوەمێژوویەکان و لەدووتوێی دۆکیومێنتەکان یاخود هزری خەڵك یاخود نووسینەکاندا هەڵدەگیرین، بۆئەوەی ببن بەمێژوو، مێژوونووس هەوڵی سەرلەنوێ بەیە کەوەگرێدانەوەی ئەو کەرەستانەدەدات کەلەبەردەستیدایە، کەواتەراڤەکرن و تێگەیشتنی سەرچاوەکان، بناغەی سەرەکیەلەپیشە سازی مێژوو، بۆیەکارێکی هەروا ئاسان نییە، پێویستەکەسی شیکار لەلایەنی رووخسارو ناوەڕۆکەوەسەرچاوەکانی بەردەستی شیبکاتە وەو راڤەیان بکات، پێویستەهەوڵبدات تا بۆی دەکرێت بابەتەبەو شێوەیەبگەیەنێت کەهەیە، نەك وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت، بە لاڵم لەگەڵ ئەمەشدا، هیچ مێژووێك نیەکەجێ پەنجەو مۆرکی مێژوونووسەکەی پێوەنەلکابێت، ئەمەوایکردووەکەهەندێك پێیان وابێت، کەچۆن هیراکلتس دەڵێت ئێمەناتوانین دوو جار لەرووبارێکدا مەلەبکەین، بەهەمان شێوەدوو مێژوونووس ناتوانن یەك مێژوو بەهەمان شێوەبنووسنەوە، هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، واتای هەوڵدان بۆ تێگەیشتنێکی تەندروستانەی دەقی مێژوویی، ئەمە ش پێویستی بەمێژوونووسێکی پیتووڵ و هووشیار هەیە، هەروەك چۆن پێویستی بەخوێنەرێکی جدی هەیە، پرۆسەی تێگەیشتن لە مێژوو بەقەد نووسینەوەی مێژوو گرنگە، زۆر جار تێنەگیشتن دەبێتەشێواندی خودی مێژووەکە، ئەمەیەوایکردووەهەندێك پێیان وابێت کەلەمێژوودا شتێك نیەبەناوی راڤەکردن و شیکردنەوە، بەڵکو مێژوو تەنیا هارمۆنەتیزەدەکرێت.

لێرەدا پێویستەبەخاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیەکەراڤەکردن و هارمۆنەتیزکردن خۆی لەخۆیدا ئامانج نیە، بەڵکو ئامرازێکەبۆ گەیشتن بەئامانجەکانی نووسینەوەی مێژوو، کەخۆی لەگەیشتن بەراستەقینەدەنوێنێت، مەبەست لەراستەقینەی مێژوویش ئەوەنیە بگەینەبنج و بنەوانی ئەوەی کەرووداوەکان چۆن رووياندااوە، یاخود ئەو بابەتەی مێژووەکەی لەسەر نووسراوەچۆن گەشەی کردووە و بەرەو پێشەوەچووە، یاخود چۆن هەڵزناوەو بەکۆتا هاتووە، بەڵکو مەبەست لەراستەقینەی مێژوویی، گەیشتنەبەو رێسایانەکە جۆرەیاسایەك بۆ رووداوەکان دێنێتەبەرهەم، کەدەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی لەئێستاو ئایندەدا، بگەینەئەو دەرئە نجامەی کەچەند هۆکارێك دەبێتەهۆی هێنانەئارای چەند دەرئەنجامێك، ئەمەش لەدوو لایەنەوەخزمەت بەپرۆسەی نووسینەوەی مێژوویی دەکات، لەلایەك وادەکات ساختەکاریەکانی مێژوو، کەبەمەبەستی فریودانی ئێستاو ئایندەبەکاردەهێنرێت، بەئاسانی بناسرێنەوە، لەلایەتی تر توانای ئەوەبەنووسەری مێژوو، یاخود بەخوێنەری مێژوو دەبەخشێت کەبتوانێت لەبڕوادابوون(توقع) یاخود پێشبینی(تنبأ) بۆ دواڕۆژ بکات، کەئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان هەوڵدانەبۆ کۆنترڵکردنی ئایندە، ئەو هەوڵەی کەمرۆڤ هە ر لەسەرەتاکانی تەمەنیەوەخەونی پێوەبینیوە. جیاوازیکردن لەنێوان لەبڕوادابوون و پێشبینیکردن، بابەتێکی گرنگی گفتوگۆی شیکاری و راڤەکردنی مێژووە، چونکەلەبڕوادابوون کۆمەڵێك سیناریۆ بۆ دوا رۆژ دروست دەکات و وانیشان دەدات کەیەکێك لەو سیناریۆنانە ئەگەری رووداونی هەیە، هەرچی پێشبینی کردنە، ئەوا تەنیا یەك سیناریۆ پێشکەش دەکات، ئەمەیەوایکردوەکەباڵی تەرازووەکەبەلای لەبڕوادابوون بشکێتەوەو ئەو دەرئەنجامەزیاتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کەمێژوو دەتوانێت لەبڕوادابوون(توقع) پێشکەش بکات، نە ك پێشبینیکردن، هەرچەندەنمونەی ئەوەشمان لەمێژوودا زۆرەکەپێشبینیەکانیش زۆرجاران هاتوونەتەدی، دیارەئەمەش بەپلەی یەکە م دەوەستێتەسەر شارەزایی و ئاستی هووشیاری کەسی پێشبینیکەر.

لەکۆتایدا پێوستەئاماژەبەخاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیەکەپڕۆسەی رافەکردن و هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، وەك بوونەوەرێکی زیندوو، بەگوێرەی قۆناغەکان لەدایك دەبێت و دواتر بەکۆتا دێت، لەسەردەم و قۆناغێکی تردا شێوەیەکی تر لەرافەکردن و هارمۆنە تیزەکردن بۆ مێژوو پێشکش دەکرێت، ئەمەش دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفەی مرۆڤە، کەرۆژ بەرۆژ زانیاری نوێ و زیاتر دە ربارەی رووداوەکانی رابردوو پەیدا دەکات، لەلایەکی بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەیەکەلەسروشتی مرۆڤەکانەوەرووەدات، ئەمەیە سۆنگەی ئەوەی کەهەر نەوەیەك خوێندنەوەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ رابردوو رووداوەکانی مێژووی خۆی و جیهان هەبێت. هە ولّبدات لەروانگەی خۆیەوەسەرلەنوێ بینووسێتەوە.

بیبلۆگرافیا

بەزمانی عەرەبی

کتێب

1- ابن خلدون(ولی الدین عبدالرحمن بن محمد732-808ه)، مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه، وخرج احادیثه، وعلق علیه: عبدالله محمد الدرویش، الطبعة الاولی، دار الیعرب، دمشق، سوریا، 2004.

2- ابوزید، نصر حامد، اشکالیات القراءة والیات التأویل، المرکز الثقافي العربي، الطبعة السابعة، دار البیضاء-المغرب، 2005.

3- حسین، د. محسن محمد، طبیعة المعرفة التاریخیة وفلسفة التاریخ، مؤسسة موکریانی للدراسات والنشر، الطبعة الاولی، اربیل، 2012.

4- رستم، د. اسد، مصطلح التاریخ-وهو بحث في نقد الاصول وتحری الحقائق التاریخیة وایضاحها وعرضها وفي ما یقابل ذلك في علم الحدیث، المتکبة العصریة، الطبعة الاولی، صیدا- بیروت، لبنان، 2002.

5- صبحی، د. احمد محمود، في فلسفة التاریخ، مؤسسة الثقافة الجامعیة، الاسکندریة، 1975.

6- صدقي، عبدالحمید، تفسیر التاریخ، ترجمة:د. کاظم الجوادی، الطبعة الاولی، دارالقلم، الکویت، 1980.

7- عثمان، د. حسن، منهج البحث التاریخی، دار المعارف، الطبعة الثامنة، القاهرة، لا م. س.

8- العروي، عبدالله، مفهوم التاریخ-الالفاظ والمذاهب، المفاهیو والاصول، الطبعة الرابعة، الناشر:المرکز الثقافي العربي، الدار البیضائ، المغرب، 2005.

9- فرو، قیس ماضي، المعرفة التاریخیة في الغرب-مقاربات فلسفیة وعلمیة وادبیة، الطبعة الاولی، المرکز العربي للابحاث ودراسة السیاسات، الدوحة، قطر، 2013.

10- فوزی، د. حسین، التاریخ والسیر، دارالقلم، القاهرة، 1964.

11- مصطفی، د. عادل، فهم الفهم، مدخل الی الهرمنیوطیقا-نظریة التاویل من افلاطون الی جادامر، رؤیة للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، بیروت، لبنان، 2007.

12- ولد اباه، السید، التاریخ والحقیقة لدی میشال فوکو، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، دار المنتخب العربی للدراسات والنشر,والتوزیع، الطبعة الاولی، بیروت، لبنان، 1994.

وەرگێردراو بۆ سەر زمانی عەرەبی

13- اتکن، هیو ج. ، دراسة التاریخ و علاقتها بالعلوم الاجتماعیة، ترجمة: د. محمود زاید، دارالعلم للملایین، بیروت، لبنان، بلا س.

14- بوس، لانجلواوسینو، المدخل الی الدراسات التاریخیة، نشر ضمن کتاب النقد التاریخی، ترجمة: عبدالرحمن البدوی، النشر وکالة المطبوعات، الطبعة الرابعة، الکویت، 1981.

15- بیکون، فرنسیس، الاورجانون الجدید، ارشادات صادقة في تفسیر الطبیعة، ترجمة: د. عادل مصطفی، رؤیة للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، القاهرة، 2013.

16- ثوثر، کارل، عقم المذهب التاریخی-دراسة في مناهج العلوم الاجتماعیة، ترجمة:عبدالحمید صبرة، الناشر المعارف، الاسکندریة، مصر، 1959.

17- جوتشلك، لویس، کیف نفهم التاریخ-مدخل الی تطبیق المنهج التاریخی، ترجمة: د. عائدة سلیمان عارف و د. احمد مصطفی ابو حاکمة، دار الکاتب العربي، 1966.

18- راوس، أ. ل، التاریخ اثره و فائدته، ترجمة:مجدالدین حفنی ناصف، مراجعة : د. محمد احمد انیس، النشر:مؤسسة سجل العرب، القاهرة، مصر 1968.

19- ریکور، بول، في التفسیر-محاولة في فروید، ترجمة : وجیه اسعد، مرکز الفوال، الناشر اطلس للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، الجمهوریة العربیة السوریة، دمشق، 2003.

20- ریکور، بول، من النص الی الفعل- ابحاث التأویل، ترجمة: محمد برادة و حسان بورقیة، الناشر: عین للدراسات والبحوث الانسانیة والاجتماعیة، الطبعة الاولی، القاهرة، 2001.

21- ریکور، بول، الذاکرة التاریخ النسیان، ترجمة وتقدیم و تعلیق:د. جورج زیناتي، الطبعة الاولی، دارالکتاب الجدید، بیروت، لبنان، 2009.

22- ریکور، بول، الزمان والسرد، الحبکة والسرد التاریخي، الجزء الاول، ترجمة:سعید الغانمي و فلاح رحیم، راجعه عن الفرنسیة:جورج زیناتي، الطبعة الاولی، دار الکتاب الجدید المتحدة، بیروت، لبنان، 2006.

23- ستروس، کلود لیظی-، الانثروبولوجیا البنیویة، ترجمة:د. مصطفی صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومی، دمشق، 1977.

24- ظاتيمؤ، جيانى، نهاية الحداثة، الفلسفات العدمية والتفسيرية في ثقافة ما بعد الحداثة(1987)، ترجمة:د. فاطمة الجيوشى، دراسات فكرية(37)، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، 1998.

25- ظاليرى، ثول، خطبة في التاريخ، نشر ضمن كتاب النقد التاريخى، ترجمة: عبدالرحمن البدوى، الناشر وكالة المطبوعات، الطبعة الرابعة، الكويت، 1981.

26- ظين، ثول، ازمة المعرفة التاريخية-فوكو و ثورة في المنهج، ترجمة وتقديم:ابراهيت فتحى، مؤسسة الاهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، 1998.

27- غادامير، هانز جورج، الحقيقة والمنهج-الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ترجمة:د. حسن ناظم و على حاكم صالح، راجعه على الالمانية:د:جورج كتورة، الطبعة الاولى، دار اويا، طرابلس، الجماهيرية العظمى، 2007.

28- غودى، جاك، سرقة التاريخ، ترجمة:محمد محمود التوبة، الطبعة الاولى، دار العبيكان، المملكة العربية السعودية، الرياض، 2010.

29- غومبريتش، اي ايتش، مختصر تاريخ العالم، ترجمة: د. ابتهال الخطيب، مراجعة: د. عبدالله هدية، سلسلة عالم المعرفة(400)، 2013.

30- فوكو، ميشال، حفريات المعرفة، ترجمة:سالم يفوت، الطبعة الثانية، الناشر:المركزالثقافي العربي، بيروت، لبنان، 1987.

31- كاريلو، مانويل ماريا، خطابات الحداثة، ترجمة:ادريس كثير و عزالدين الخطابي، الطبعة الاولى، منشورات دار مابعد الحداثة، فاس، 2001.

32- كولنجوود، ر. ج. ، فكرة التاريخ، ترجمة:محمد بكير خليل و محمد عبدالواحد خلاف، الناشر:لجنة التاليف والترجمة والنشر، 1968.

33- كونفوشيوس، المبادىء الخمسة)، بەشى دووەم، سيستەمەكان-23-http://www. confucius. org/lunyu/ad0223. htm

34- لوبون، غوستاف، فلسفة التاريخ، ترجمة:عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، 1954.

35- مونتسكيو، تأملات في تاريخ الرومان، اسباب النهوض والانحطاط، نقله من الفرنسية الى العربية: عبدالله العروى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، 2011.

36- نيتشة، فريدريك، ارادة القوة- محاولة لقلب كل القيم، ترجمة و تقديم: محمد الناجى، افريقيا الشرق، دار البيضاء، المغرب، 2011.

36- هوراس، جوزيف، قيمة التاريخ، ترجمة:نسيم نصر، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، 1974.

37- هيدجر، مارتن، التقنية- الحقيقة-الوجود، ترجمة: محمد سبيلا وعبدالهادى مفتاح، المركز الثقافيالعربى، بيروت- الدار البيضاء، المغرب-لبنان، بلا س. م.

38- هيدغر، مارتن، الكينونة والزمان، ترجمة وتقديم وتعليق:د. فتحى المسكينى، مراجعة:اسماعيل المصدق، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، 2012.

تويژينەوە

39- جامى، عادل حد، سياسة النسيان:في نقد عقيدة التاريخ، بحث نشر ضمن ملف بحثى، التاريخ والحقيقة، 7\12\2014، نشر في العدد الثالث من مجلة يتفكرون: http://mominoun. com/pdf1/2014-12/54980353c3dab1198797807. pdf

40- السعيدى، عبدالسلام، جدلية التاريخ والحضارة : http://www. aljabriabed. net/n34_09saidi. html

41- مراد، قواسمى، روح التاريخ عند نتشة: http://www. aljabriabed. net/n74_04kawasmi. htm

42- الزين، محمد شوقي، فلسفة التاريخ وتكوين البشرية عند يوهان هردر- من نظام المعرفة الى نظام الحقيقة، مؤمنون بلا حدود مؤسسة دراسات وابحاث، ص، 3 :http://www. mominoun. com/articles

چاوپێکەوتن

43- مقابلة مع ليجور بانارين، برنامج رحلة في الذاكرة، خبير في الحرب النفسية لدى الكى جى بى و منظر الحرب الهجينة يكشف مفهوم التاريخ الوهمى:https://arabic. rt. com

بە زمانی ئینگلیزی

تویژینەوە

44- Samson, Steven Alan, Models of Historical Interpretation, Contra Mundum, No. 11 Spring 1994: http://www. contra-mundum. org/cm/features/12_models. pdf

45- White, Hayden, Interpretation in History Author(s): Source: New Literary History, Vol. 4, No. 2, On Interpretation: II (Winter, 1973), pp. 281-314 Published by: The Johns Hopkins University Press Stable URL: http://www. jstor. org/stable/468478. Accessed: 02/10/2013 03:14:

46- Bevir, Mark, Objectivity in History Author(s): Source: History and Theory, Vol. 33, No. 3 (Oct. , 1994), pp. 328-344 Published by: Blackwell Publishing for Wesleyan University Stable URL: http://www. jstor. org/stable/2505477 Accessed: 18/02/2010 09:44:p. 336.

47- Butterfield, Herbert (1900-1979) ,The Whig Interpretation of History(1931): https://cdn. preterhuman. net/texts/literature/general/Butterfield%20(Herbert)%20The%20Whig%20Interpretation%20of%20History. pdf:

48- Historical Analysis and Interpretation :http://nchs. ucla. edu/history-standards/historical-thinking-standards/3. -historical-analysis-and-interpretation

49- STRATHERN, Marilyn, Artifacts of history Events and the interpretation of images,University of Cambridge: http://townsendgroups. berkeley. edu/sites/default/files/strathern_artifacts_of_history. pdfp. 163-164.

50- Harootunian, Harry, Remembering the Historical Present : https://www. sussex. ac. uk/webteam/gateway/file. php?name=ncrm-seminar-3-harry-harootunian-paper. pdf&site=387:

ABSTRACT

The Analysis and Interpretation of History

Significance of the study:

So far, the process of reading the history is incomplete. A Kurdish reader treats it as a literary text or absolute truth, and falls under its effects. This results in the creation of a fake historical awareness that will have a serious repercussion on the individual's reading of future. Hence, the analysis and interpretation of history has a vital role in its true understanding.

Aim of the Study:

The research is an attempt to theoretically follow the process of the analysis and interpretation of history ؟

The problem:

The problem under question is how we can reach the level of understanding through the analysis and interpretation of historical texts, i. e. how to arrive at the truth we are looking for while reading or writing about history.

The Hypothesis:

The hypothesis is that the analysis and interpretation of history brings us closer to historical facts. However, since historical studies are often affected by the individual's nature and deeds, it is not easy to reach the absolute truth. Historical truth does not mean perception of historical events and the way they occurred, but It means the ability to generate a set of rules that help comprehending the present and future of events, and benefit from the historical lessons for now and future.

Methodology: The research is based on two methods, interpretational and analytic-historical methods.

The obstacles:

It is obvious that obstacles in such studies are too many, especially in respect to language as it is hard to find similar studies written Kurdish. Therefore, it has been very difficult to translate all the historical and philosophical subjects and terminologies into Kurdish, to the extent that we had to modify some of them as there were no counterparts for them in the native language.

The composition of the study:

This research consists of two sections. Section one is concerned with the interpretational and historical analysis. It is divided into three sub-sections: the first deals with the analysis of history; the second dwells on historical interpretation; the third involves the historical methods of interpretation.

Section two deals with the effect of interpretation in respect to the historical truth. It also consists of three sub-sections: the first is devoted to the role of interpretation in unraveling the historical truth; the second highlights the role of historical interpretation in the comprehension of falsified history; the third sheds light on the benefits of historical interpretation and its role in predicting the future events. In the end, the conclusions arrived at by the researcher and the references utilized are all shown on separate pages.